# جێبەجێکردنی قانوونی بودجە لە پەسندکردنەکەی گرنگترە



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سیاسەتی هەر وڵاتێك لە بودجەدا چڕدەکرێتەوە. چونکە لەو دیو ژمارەکانی ناو بودجەی وڵات، سیاسەت و بەرنامەیەك هەیە کە پێت دەڵێ حکوومەت هەندە پارەو داهاتی هەیەو ئاواو ئاوای بەسەر سێکتەرەکاندا دابەش و خەرجدەکات. راستە، بودجە پێوەندیی بە هەموو کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە. لێ حکوومەت بەرنامەی ئابووری- کۆمەڵایەتیی زۆرینەی پەرلەمانیی جێبەجێ دەکات. لە سۆنگەی ئەمەشەوە، شتێکی ئاساییە، لە هەموو قۆناخەکانی بودجەدا (گەڵاڵەکردن، پەسندکردن، جێبەجێکردن و چاودێری و وردبینی) گەنگەشە، پیلەکەی توند و ململانێ لەنێوان لایەنەکاندا سەرهەڵبدات و خەڵکێکی زۆر بەخۆیەوە مژوڵ بکات.

لەو وڵاتانەی کە داهاتی سەرەکییان لە «ریع»ی نەوتەوە دێ، ئابووریی وڵات تاکڕەهەندە. کەرتەکانی تر وەك (کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، پیشەسازیی ...) رۆڵێکی نا سەرەکییان هەیە.

هەرێمی کوردستان، وڵاتێکی سەربەخۆ نییەو لە زۆر رووەوە مەحکومە بەو چوارچێوەیەی کە سیستمی فیدراڵی بۆی دیاریکردووە. بێ لەوە، هەرێم هێشتا لە سەرەتای قۆناخی راگواستنەوەیە: لە ئابووریی نەخشەکێشراوی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕی ئازاد. چونکە هێشتا بازاڕی ئازاد، دەوڵەت بەخێو ناکات و بەشدارییەکی یەکجار کەم دەکات لە داهاتی هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەوە لە هەرێمدا، چ لە رێگەی قانوونەوە بێت یان نا، دەرفەت و دەلیڤە بۆ بازاڕی ئازاد کراوەتەوە کە نەشونما بکات و پەرە بگرێ و قەبە ببێ کە بەرای خۆم کاتی ئەوە هاتووە بیرێکی جیدی لە هاوکێشەی (دان) و (ستاندن) لە بازاڕی ئازاد بکرێتەوەو هەر (پێدان) نەبێت و لە بەرانبەریشدا (ستاندن) هەبێت لە قزگەی «تنویع»ی سەرچاوەکانی داهات و بەرپرسیارێتیی هەڵگرتن و سیاسەتی دابەشکردنەوەی داهاتدا.

کەواتە تا ئێستا، ئەرکی حکوومەت لە گەڵاڵەکردنی بودجەدا، زێتر دابەشکردنەوەی داهاتی نەوت بووە- «مەبەست ئەو بەشە داهاتەیە کە لە حکوومەتی عێراقەوە دێ»، بەشێوەیەك

که دواجار بڕژێته ناو پرۆسەی «گەشەپێدانی بەردەوام»و «سەربەخۆیی ئابووریی»یەوە. لەسەر ئەو دابەشکردنەوەیە، ساڵانە، لەناو فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا، بیروبۆچوون و دیدگای جیا دەخرێتە روو. هەرچەندە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن تەواو بودجەیان بە خراپ دەزانی، لێ لەکۆتادا لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دی، لەسەر هەندێ خاڵ کە پێشتر فراکسیۆنی کوردستانی خستبوویەروو، رێککەوتن دەکەن کە زێتر خاڵەکان دەچنە چوارچێوەی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانیی ئەو توێژو کەرتە کۆمەڵایەتییانەی کە لە وڵاتانی تردا بە بەرنامەی سۆسیال و بیمەی تەندروستی دابین دەبێ...ئەمساڵیش هەروا کراو (١٠٦) ملیار لە بودجەی بەکاربردنی (سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەن و دەزگای ئاسایش، یەدەگی وەزارەتی دارایی) کەمکرایەوەو تەرخانکرایەوە بۆ (٤٠ ملیار بۆ باشترکردنی موچەی ئەو پێشمەرگانەی کە موچەکانیان لە ٦٠٠ هەزار دینار کەمترە، ١٠ ملیار بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەرباری پرۆژەکانی دیکەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ هەمان مەبەستی نیشتەجێبوون، ١٠ ملیار بۆ سندوقی هاریکاریی نەخۆشەکانی شێرپەنجە، ٢٠ ملیار بۆ پرۆژەکانی ژێرخانیی رۆشنبیریی سلێمانی وەکو پایتەختی رۆشنبیریی، ٣ ملیار دەستەی مافی مرۆڤ، ٢ ملیار دەستەی ژینگە و ١ ملیار بۆ ئەنجوومەنی خانمان و ٥ ملیار بۆ نوژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، ٥ ملیار بۆ موچەی ئەو کەمئەندامانەی پلەی پەکەوتووییان لە سەرووی ٤٩٪وەیە...). لەگەڵ ئەوەشدا فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، وەك چاوەڕوان دەکرا، دەنگیان بە یاسای بودجە نەدا. بە رای من حەرەجیان لێ ناگیرێ، چونکە ئەوانیش وایان لێ دەخوازرێ.

ئەمساڵ دوو تا سێ مانگ پێش ساڵانی دی، بودجە پەسندکرا. بەپەسندکردنیش، قۆناخی جێبەجێکردنی یاساکە وەکو خۆی دێتەئاراوە. هەڵبەت ئەم زوو پەسندکردنە چانسێکی باش بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە پێشنیازکراوەکان دێنێتەئاراوەو ئیدی چاوەڕوان دەکرێ رێژەی جێبەجێکردن بگاتە ٧٠٪. وەك دەزانرێ ئەمساڵ زێتر لە (٣١٠٠) پرۆژەی بەردەوام و پێشنیازکراو هەن کە بڕی (٤) تریلیۆن و (٤١٩) ملیارو (٣٠١) ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوە. ئەمە سەرباری سەدان پرۆژەی تر کە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە بڕەکەی (٩١٤) ملیارو (٤٩٠) ملیۆن دینارە، دێنە جێبەجێکردن کە بە هەزاران دەرفەتی کار بۆ خەڵکی کوردستان دەکەنەوە، ئەوە سەرباری ئەو (١٥٠٠٠) فەرمانبەرەی بڕیارە ئەمساڵ بێنە دامەزراندن.

لەراستیدا، قۆناخی جێبەجێکردنی بودجە لە هەر دوو قۆناخەکەی پێش خۆی، گرنگترە. راستە حکوومەت بودجە جێبەجێ دەکات و لێی بەرپرسە. لێ جێبەجێکردن، شتێکی رۆتینیی و ئاسان نییە. بەرای من، جێبەجێکردن، بەبێ وردبینی و چاودێری ناتەواوە.

وەك دەزانرێ چاودێری سێ ئاستی هەیە: ١- ئیداری (حکوومەت خۆی ئەوە دەکات لە رێگەی وەزارەتی داراییەوە)، ٢- پەرلەمانی (لەرێگەی لێژنە هەمیشەییەکانی ناو پەرلەمان و هەریەکەیان بەگوێرەی بواری خۆی)، ٣- لەرێگەی دەستەو دەزگای سەربەخۆی وەکو دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی نەزاهە و داواکاریی گشتییەوە. هەڵبەت ئەگەر خاڵی (٢ و ٣) کارا بن و ئەرکی خۆیان رابپەڕێنن، ئەوا چاودێریی داراییش، کاراتر و وردتر دەبێت.

کەواتە، وەکو لە قانوونی ئەمساڵەی بودجەدا هاتووە، پێویستە (دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی نەزاهەت، ئەنجوومەنی راژە) بێنە دامەزراندن و چیتر خاوە-خاویان لێ نەکرێ. دامەزراندنی ئەو دەستانە، بە بڕوای خۆم، بە قازانجی حکوومەتەو بەشێکە لە شەفافیەت و بەرپرسیارێتی. لەکۆتادا، پرۆسەی جێبەجێکردن و چاودێری، متمانە بە حکوومەت و بەڵێنەکانی فراکسیۆنی کوردستانی پتەوتر دەکات.

ئەوە لەکاتێکدا داتاو زانیارییەکانی دوای ٢٠٠٣ تا ئێستا پێمان دەڵێن کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حکوومەتی باشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و خۆشگوزەرانی بووە و فراکسیۆنی کوردستانی پێیوایە تا ئێستا ٦٥- ٧٠٪ی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێکردووە.

لەکۆتادا قسەی پێشووم دوبارە دەکەمەوە، هیوادارم حکوومەت چێشتی بودجە باش لێ بنێ.



# گرنگی رۆژنامەگەری لە كۆمەڵگەی دیموكراتیدا

■

# رایەڵی پێكگەیاندنی سیستمی سیاسیی و كۆمەڵگەی مەدەنییە



**سیستمی سیاسیی دیموکراتی لە هەر وڵاتێک یان هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، دامەزراوەکانی بەوجۆرە دیزاین دەکات کە بتوانێت ژینگەیەکی ئازاد بۆ رۆژنامەگەری دابین بکات**

بۆچی تۆماس جیفرسۆن دارێژەری بەیانی سەربەخۆیی کۆماری ئازادی ئەمریکا دەڵێت: ئەگەر سەرپشك بکرێم لە نێوان پەرلەمانێکی ئازاد و میدیای ئازاددا یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوا من میدیای ئازاد هەڵدەبژێرم؟ بۆچی جۆزێف پۆلیتزر خاوەنی رۆژنامەی نیویۆرك وۆرلد هەموو سامانی خۆی بەخشیە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ ئەوەی کۆلێژی رۆژنامەگەری بکرێتەوە؟ بۆچی یۆرگن هابرماس کارەکتەری سەرەکی نێو فەزای گشتی بە سیستمی میدیا و رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ لە قەڵەمدەدا؟ دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە لەو نووسراوە بدۆزینەوە کەلەسەر خەڵاتی پۆلیتزر نووسراوە، لەو نووسراوەدا هاتووە رۆژنامەنووس یاسادانەری پارێزەری ئایندەی ئازادییە، پۆلیتزر بە هاوشێوەی نیچە پێناسەی یاسادانەری داهاتووی کردووە و، ئەو یاسادانەرش ئەندامی پەرلەمان نییە، بەڵکو لای نیچە یاسادانەری ئایندە ئەو مرۆڤە باڵایە کە دەشێت پێی بگوترێت فەیلەسوف، هەروەها دەبێت ئەم فەیلەسوفە هەم پزیشك بێت و هەمیش هونەرمەند، کەواتە لەسەر ئەم بنەمایە پۆلیتزر هەموو سامانی خۆی دەبەخشێت بۆ ئەوەی پێناسەی رۆژنامەگەری بکاتەوە و رۆژنامەنووسانیش ببنە ئەو مرۆڤە باڵایەی کە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت وەك یاسادانەر یاسا بۆ پاراستنی ئاییندەی ئازادی دابرێژێتەوە، لەمەش گرنگتر ئایندەی کۆماری ئازادی ئەمریکا و رۆژنامەگەری بەرپرسیار و بەشکۆ پێکەوە گرێدەداتەوە و راشکاوانە بۆ ئەمیندارانی گشتی زانکۆی کۆلۆمبیای نووسیووە، هەڵکشان و باڵا بوونی ئازادی و رۆژنامەگەری لێکجیابکرێتەوە، ئەو ئازادییەی لە ئەمریکا بوونی هەیە بەندە بە ئاستی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە و، هەتا رۆژنامەگەری وەك دەسەڵاتێکی بەشکۆ و بەرپرسیار ئامانجی بەها بەرزە گشتیەکانی کۆمەڵگە بێت، ئەوا ئازادییەکەمان هیچ مەترسی لەسەر نییە و ئەگەر رۆژنامەگەریش لەم راستە رێیە لایدا و بووە گاڵتەجاری و سووکایەتی کردن بە بەها گشتیەکان، ئەوا ئەم رۆژنامەگەرییە نەوەیەکی خراپی وەك خۆی بەرهەم دەهێنێت و ئایندەی ئازادیشمان دەکەوێتە مەترسیەوە. کەواتە لێرەوە باسکردنی ئازادی رۆژنامەگەری لەوە دەردەچێت کە قسەی ئەوەی لەسەر بکرێت، تاچەند ئازادی بۆ رۆژنامەگەری گرنگە، بەڵکو گرنگی مەسەلەکە لەوەدایە تاچەند ئازادی رۆژنامەگەری بۆ بونیاد و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی گرنگە، لەم حاڵەتەدا پرسی رۆژنامەگەری و رۆژنامەگەری ئازاد وەك پرسێك سەیر دەکرێت کە دەبێتە میکانیزمی سەرەکی بۆ بونیاد و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا مەسەلەکە لەوە دەچێتە دەرەوە کە بپرسین ئایا تاچەند ئازادی بۆ رۆژنامەگەری گرنگە؟ بەڵکو مەسەلەکە دەبێتە ئەو پرسیارەی تاچەند پاراستنی ئازادی رۆژنامەگەری بۆ دیموکراتی گرنگە؟ بۆیە لەم بازنەیەدا، ئازادی رۆژنامەگەری وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ بونیادی دیموکراتی سەیر دەکرێت، بە واتایەکی دیکە سیستمی سیاسیی دیموکراتی لە هەر وڵاتێك یان هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، دامەزراوەکانی بەوجۆرە دیزاین دەکات کە بتوانێت ژینگەیەکی ئازاد بۆ رۆژنامەگەری



دابین بکات، دابینکردنی ئەم ژینگەیەش نەك نابێتە بەخشینێك لە سیستمە سیاسیەکەوە بۆ رۆژنامەنووسان، بەڵکو دروستکردنی ئەرکێکە لەسەر شانی رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی ببنە فاکتەری سەرکەوتنی سیستمە سیاسیە دیموکراتیەکە، بۆیە ئەگەر لەم حاڵەتە شوێنی رۆژنامەگەری لەناو بازنەی گشتی کۆمەڵگە دیاری بکەین، ئەوا دەبینین، رۆژنامەگەری دەبێتە ئەو رایەڵەی کە سیستمی سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەگەیەنێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پێکگەیاندنی سیستمی سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنی

**ئامانجی رۆژنامەگەری کۆکردنەوەی سیستمی سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتیانی ئاساییە لەناو فەزای گشتیدا، ئەو فەزا گشتیەی کە دروستبوونی رای گشتی تیایدا دەبێتە بەرەنجامی کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکان**

بۆ چ ئامانجێکە، ئەوا بێگومان ئامانجی رۆژنامەگەری کۆکردنەوەی سیستمی سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتیانی ئاساییە لەناو فەزای گشتیدا، ئەو فەزا گشتیەی کە دروستبوونی رای گشتی تیایدا دەبێتە بەرەنجامی کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و دەبێتە ئەو هەقیقەتەی کە هەموو لایەنەکان بیروبۆچوونی خۆیان لەناو ئەو هەقیقەتە ببیننەوە، ئەمە پێمان دەڵێت رۆژنامەگەری رای گشتی دروست ناکات، بەڵکو کەرەستەی دروستکردنی رای گشتی لەناو فەزای گشتی ئامادە دەکات، ئەم کەرەستانەشی رۆژنامەگەری ببینێت و پاشان خۆی ببێتە کاراکتەرێکی بەشدار لە وتووێژی فەزای گشتی و هاووڵاتی ئاسایش بیروبۆچوونێکی دیکە بەرهەم بهێنن، ئەم بەرهەمی ئەم بیروبۆچوونە بەرهەمهاتووەی هاووڵاتی ئاسایی کە لەناو فەزای گشتی بەرهەم دێت، لەناو فەزای گشتی شێوازی پێکەوە کارکردن و پێکەوە بیرکردنەوە و پێکەوە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دروست دەکات، چارەسەرێك کە بەرژەوەندی گشتی دەکاتە چوارچێوەیەك و بەرژەوەندی و تێڕوانینە حزبیەکان و لۆبیستی خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان لە خۆی دادەماڵێت، هەموومان



**رۆژنامەگەری بەوە نابێتە لایەنگیری دەسەڵات ئەگەر زانیاری دەسەڵات بگوازێتەوە بۆ فەزای گشتی، هەروەها نابێتە لایەنگیری ئۆپۆزسیۆنیش ئەگەر زانیاری ئۆپۆزسیۆن بگوازێتەوە بۆ فەزای گشتی**

بۆ فەزای گشتی ئامادەی دەکات، بریتی دەبێت لە گەیاندنی هەواڵ، ریپۆرتاژ، بیروبۆچوونە جیاوازەکان، ئەگەر زیاتر هەموو ئەم لایەنانەی کاری رۆژنامەگەری لە خاڵێکدا کۆبکەینەوە، ئەوا ئەرکی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسی پرۆفیشینال گەیاندنی زانیارییە، ئەوجا دەشێت ئەو زانیارییە، زانیاری ناو هەواڵێك بێت، یان لە ئاکامی بەدواداچوونێکی رۆژنامەوانی بەرهەمی ریپۆرتاژێك بێت، یان بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونێکی جیاواز بێت لەسەر مەسەلەیەکی گشتی کە پێویستە هاووڵاتی ئاسایی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ئەو پرسە لەناو بازنەی بەرژەوەندی گشتی کۆدەکاتەوە.

ئەم ئاڕاستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین، سیستمی میدیا یان کاری میدیای پرۆفیشنال وەك ناوەندێك بۆ پێکگەیاندنی سیستمی سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتیانی ئاسایی، کارێکی بێ لایەنانە نییە بەوەی میدیا تەنیا رۆڵی تەماشاکردن بگێڕێت، بەڵکو میدیا کاراکتەرێکی چالاکە و لایەنگیری دیموکراتی دەکات لە روانگەی بەرژەوەندی گشتیەوە، بۆیە دەشێت لە روانگەی بەرژەوەندی گشتیەوە دەربڕی ئەو زانیاریانەی حکومەت بێت کە پێویستە بگاتە فەزای

دەکرێت دەربڕی ئەو زانیاریانەی ئۆپۆزسیۆنیش بێت کە پێویستە بگاتە فەزای گشتی، هەروەها دەکرێت میدیا دەربڕی ئەو زانیاریانـــەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیـــش بێت کە پێویســـتە بگاتە فەزای گشـــتی، کەواتە ڕۆژنامەگەری بەوە نابێتە لایەنگیری دەسەڵات ئەگەر زانیاری دەسەڵات بگوازێتەوە بۆ فەزای گشتی، هەروەها نابێتە لایەنگیری ئۆپۆزسیۆنیش ئەگەر زانیاری ئۆپۆزسیۆن بگوازێتەوە بۆ فەزای گشتی، بەڵکو ئەمە کاری ڕۆژنامەگەرییە کە ئەو کەرەستە و پێداویستیانە بۆ فەزای گشتی ئامادە بکات و، هەوڵبدات هاووڵاتی ئاســـایی پێگەی خۆی وەك ئەندامێك لە ناو پرۆسەی سیاسیدا ببینێتەوە و بەشدار بێت لەناو پرۆسە سیاسیەکە بۆ ئەوەی کاریگەری لەســـەر دروســـتکردنی بڕیار و کاریگەری لەسەر دارشتنی یاساکان لە پەرلەمانی وڵاتی خۆیدا هەبێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە چوارچێوەیەك بـــۆ کاری ڕۆژنامەگەری مەرج نییە یاســـایەك بێت و ڕۆژنامەنووســـان لە چوارچێوەی ئەو یاســـایە کاری خۆیان بکەن، بەڵکو ڕۆژنامەنووســـانی پرۆفیشـــناڵ لـــەو



وڵاتانەی کە یاسای رۆژنامەگەریش نییە، خۆیان پاکتێکی ئەخلاقیان دارِشتووە کە بە پابەندبوون بەو پاکتە ئەخلاقیەی رۆژنامەنووسیەوە، کەسێتی رۆژنامەنووس بە شێوەیەکی جیاواز و دیار لەناو کۆمەڵگە دەناسرێتەوە، بەڵام ئەم جیاوازی کەسێتییە لە چوارچێوەی هەڵسوڕانی کاری رۆژنامەگەری، نەك ناسنامەی رۆژنامەنووسی حەسانەیەك بێت بۆ رۆژنامەنووس هیچ یاسایەك لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکات، راشکاوانەتر حەسانەی رۆژنامەنووسی کە پاکتی ئەخلاقی رۆژنامەنووسی بۆ رۆژنامەنووسی دروست دەکات، ئەوەیە کە هیچ یاسایەك ناتوانێت سانسۆر بۆ کاری رۆژنامەنووسی دابنێت ئەگەر رۆژنامەنووسەکە پابەند بێت بەو پاکتە ئەخلاقیەی کە رۆژنامەنووسان خۆیان بۆ خۆیانیان داناوە.

## رۆڵی رۆژنامەگەری
## لە دروستکردنی گوتاری نموونەیی فەزای گشتیدا

ئەگەر سەرچاوەی کاری رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا گومان و پرسیار دروستکردن بێت، ئەوا گومان و پرسیارکردن تەنها بۆ ئاراستەیەکی دیاریکراو یان بیروبۆچوونێکی دیاریکراو یان حزبێکی سیاسی دیاریکرا و یان تەنانەت گومان و پرسیارکردن لە دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو پرسیار و گومان کە دەبێتە بنەمای کاری رۆژنامەگەری، گومان و پرسیارە لەهەموو ئەو کاراکتەرانەی کە لەناو فەزای گشتی بەشدار دەبن لە دروستکردنی رای گشتی، هەر بۆ نموونە رۆژنامەنووس مافی خۆیەتی گومان و پرسیار لەسەر گوتاری سیاسیی ئەو لایەنە سیاسیە دروست بکات کە داوا دەکات ئاینێکی دیاریکراو ببێتە بنەمای یاسادانان لەوڵاتێکدا، ئەم گومان و پرسیارەی رۆژنامەنووس بۆ رەتکردنەوەی ئایینە دیاریکراوەکە نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی سیمای فرە ئایینی و پەرەپێدانی گیانی لێبوردەییە لە کۆمەڵگەدا، هەروەها گومان و پرسیاری رۆژنامەنووس لەسەر کاری رۆژانەی حکومەت بۆ دژایەتی حکومەت نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو حکومەتە دیموکراتیە هەر بە دیموکراتی بمێنێتەوە و نەبێتە حکومەتێکی کارتۆنی، گومان و پرسیاری رۆژنامەنووس لەسەر کار و رەفتاری ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوەنییە بڵێن ئۆپۆزسیۆن پێویست نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنیش دەبێت بەپێی پێوەرە دیموکراتیەکان ئۆپۆزسیۆن بێت و گەیشتن بە دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆن لەبەرژەوەندی گشتی گەورەتر نییە، ئەم نموونانە لەبەر ئەوە ئاماژەمان پێکردن لەنێوکاری رۆژنامەگەری هەقیقەتی رەها لای هیچ لایەنێك بە تەنیا بوونی نییە، هەموو هەقیقەتەکان رێژەیین و دەبێت بە ئەمانەتەوە بخرێنە بەردەستی هاووڵاتی بۆ ئەوەی هاووڵاتی دوای بینینی هەموو لایەنە جیاوازەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان هەقیقەتێکی تازە دروست بێت کە ئەویش هەقیقەتی رای گشتیە، کە بەرهەمی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان و بەرهەمی تێڕوانینە ئایینیە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکانن کە لە یەك وڵاتدا پێکەوە دەژین.

کەواتە زمانی رۆژنامەگەری زمانی نەتەوەیەکی تایبەت یان حزبێکی تایبەت یان ئاینێکی تایبەت نییە، بەڵکو زمانی فەزای گشتیە کە هەموو پێکهاتەکان بەجیاوازی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەوە کۆدەکاتەوە، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت لە رۆژنامەگەریدا زمان ئامانج نییە، بەڵکو زمان میکانیزمە بۆ گەیاندنی راستیەکان، گرنگ نییە بە چ زمانێك کاری رۆژنامەگەری دەکەیت، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئامانجی ئەو زمانە کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و کۆکردنەوەی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان بێت بۆ ئەوەی پێکەوە وتووێژ بکەن و پێکەوە لە روانگەی بەرژەوەندی گشتیەوە پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن. لەم خاڵەوە ئەگەر سەیری چەکی دەستی رۆژنامەنووس بکەین، دەبینین ئەو شێوازە نییە کە پێی دەنووسێت یان ئەو کەناڵە نییە کە تیایدا بڵاودەکاتەوە، بەڵکو چەکی دەستی رۆژنامەنووس ئەو زانیاری و بۆچوونە جیاوازانەیە کە دەیگەیەنێتە هاووڵاتی، ئەوجا ئەو کەناڵە بینراو بێت یان بیسترا و یان نووسراو یان ئەلکترۆنی یان تەنانەت تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وەك فەیس بووك و تویتەر بێت، بۆیە لای رۆژنامەنووس گەیاندنی زانیاری و بۆچوونی جیاواز بۆ لای هاووڵاتی، بۆ ئەوەیە ئەم کەرەستانە ببنە بۆچوون، ئەم بۆچوونانە بۆ بەو جۆرە بخرێنە گەڕ کە ئامانجێك بهێنێتەدی، بۆیە ئەم بۆچوونانە خۆیان دەبنە کارێك کە بەقسە ئامانجێك دێتە دی، بۆیە رۆژنامەگەری ئەم کارە دەخاتە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و لەگەڵ پەیامە رۆژنامەوانیەکەی وەك کارێك مامەڵە دەکات و هەر ئەم کارەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی گوتارێکی نموونەیی لە فەزای گشتی دروست بێت، مەبەستیش لە گوتاری نموونەیی واتە گوتارێك کە تیایدا هاووڵاتی وەك کاراکتەرێکی چالاك بەشدارە لە دروستکردنی ئەو گوتارە و تەنها گوێگر یان تەماشاچی نییە، ئەوەشی کە هاووڵاتی لە گوێگر و بینەرەوە دەکاتە کاراکتەرێکی چالاك و بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی و کاریگەری لە دروستکردنی بڕیار و یاساکانی پەرلەمان بۆ دروست دەکات، ئەو کەرەستەیە یە، کە میدیا دەیخاتە بەردەستی هاووڵاتی.

**لەنێوکاری رۆژنامەگەری هەقیقەتی رەها لای هیچ لایەنێک بە تەنیا بوونی نییە، هەموو هەقیقەتەکان رێژەیین و دەبێت بە ئەمانەتەوە بخرێنە بەردەستی هاووڵاتی**

**زمانی رۆژنامەگەری زمانی نەتەوەیەکی تایبەت یان حزبێکی تایبەت یان ئاینێکی تایبەت نییە، بەڵکو زمانی فەزای گشتیە کە هەموو پێکهاتەکان بەجیاوازی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەوە کۆدەکاتەوە**

**ڕۆژنامەگەری ئازاد پردێک لەنێوان تیۆر و پراکتیک دروست دەکات و هەوڵدەدات چەمکە تیۆرییەکان لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگە پراکتیزە بکات**

**ڕۆژنامەگەری لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەم پێویستە خۆی ژێرخانێکی پتەو بۆخۆی دروست بکات هەمیش دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسیدا**

## ڕۆژنامەگەری ئازاد و پرۆسەی دیموکراتی

ڕۆژنامەگەری ئازاد میکانزمێکە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی و بەبێ ڕۆژنامەگەری ئازاد دیموکراتی سەرکەوتوو نابێت، ڕۆژنامەگەری ئازاد ئەرك دەخاتە سەرشانی ڕۆژنامەنووس بەوەی ڕۆژنامەنووس بتوانێت لەکۆمەڵگە ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە لەنێوان نۆرمە تیۆرییەکان و توێژینەوە بەڵگەدارەکان دروست دەبێت، ڕاشکاوانەتر ڕۆژنامەگەری ئازاد پردێك لەنێوان تیۆر و پراکتیك دروست دەکات و هەوڵدەدات چەمکە تیۆرییەکان لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگە پراکتیزە بکات، هەربۆیە ڕۆژنامەگەری ئازاد یارمەتیدەری دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسایە بۆ پاراستنی ئازادی و ڕێزگرتنی ئازادییەکان، ڕۆژنامەگەری ئازاد پێناسەی ئازادی ناکات، بەڵکو هەوڵی ئەو بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە کە کۆمەڵگەی دیموکراتی شانازی پێوە دەکات و، هەوڵی بۆ ئەوەیە دامەزراوەکانی دەوڵەت زەمینەی لەبار بۆ ژینگەیەك بێتە ئاراوە هاووڵاتی هەست بە بوونی ئازادی بکات، کەواتە ڕۆژنامەگەری ئازاد بەشدار دەبێت لە دروستکردنی ئەو ژینگەیەی ئەم خاڵانە لە خۆی دەگرێت:

١. سەربەخۆیی تاك
٢. مانای هاووڵاتیبوون لە سیستمی دیموکراتیدا، ئەمەش واتە ئازادی و یەکسانی هاووڵاتیان لەکۆمەڵگەدا.
٣. سەربەخۆیی فەزای گشتی وەك ناوەندێکی میانگیر لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا.

ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە بکەین ئایا دەبێت دیزاینی ئەو دامەزراوانە چۆن بن تا بتوانن ژینگەیەکی لەم جۆرە دروست بکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە پسپۆڕانی فەلسەفەی سیاسیی پێیانوایە لەبەر ئەوەی دیزاینی دامەزراوەکان بەرهەمی چەمکە فیکرییە سیاسیە جیاوازەکانە، ئەوا مەرج نییە هەموو دامەزراوەکان یەك جۆر دیزاینیان هەبێت، بەڵام بەجیاوازی دیزاینی دامەزراوەکانەوە گرنگی لەوەدایە کە دامەزراوەکان بتوانن ئەو ژینگەیە دروست بکەن و گەرەنتی ماف و ئازادییەکان دابین بکەن، ئەم گەرەنتەیەی دامەزراوەکانیش دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی هاووڵاتی بتوانێت بەشداری کارای لە پرۆسەی سیاسیدا هەبێت، ئەم بەشدارییەش بە پلەی یەکەم ڕۆژنامەگەری ئازاد ڕۆڵی تیا دەگێڕێت و بەدیلی جیاواز و ڕێگە چارەی جیاواز دەخاتە بەردەمی هاووڵاتی بۆ ئەوەی هاووڵاتی توانای بڕیاردانی لەسەر سندوقی دەنگدان هەبێت و لە هەمانکاتدا ڕۆڵی خۆی لە فۆرمەلەکردنی ڕای گشتی بگێڕێت و خۆی وەك ئەندامێکی کارا لە پرۆسە سیاسیەکەدا ببینێتەوە.

## کاریگەری میدیا
## لە قۆناخی ڕاگواستن و وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا

قۆناخی ڕاگواستن یان بونیادی پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، واتە ڕۆڵی میدیا لە پرۆسەی بونیادنانی ژێرخانی وڵات و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کە ئەمانە هەردووکیان هەنگاون بۆ کامڵبوونی دیموکراتی و بونیادی حکومڕانی باش لە وڵاتدا، بۆیە چۆن لە قۆناخی ڕاگواستندا بە شێوەیەکی گشتی و لەسەر ئاستی هەموو بوارەکان ژێرخانی وڵات پێویستی بە بونیادنانەوە هەیە، ئەوا میدیاش وەك هەر بەشێکی دیکەی کۆمەڵگە پێویستی بە بونیادی ئەو ژێرخانە هەیە، هەربۆیە ڕۆژنامەگەری لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەم پێویستە خۆی ژێرخانێکی پتەو بۆخۆی دروست بکات هەمیش دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسیدا، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین لە قۆناخی پرۆسەی بونیادنانەوە لەبەر ئەوەی پێداویستیەکان زۆرن و ئیمکانیەتی بەردەستی حکومەت کەمن، ئەوا دەبێت ئەرکی سەرەکی میدیا هەوڵدان بێت بۆ بەشداری زیاتری خەڵك بۆ ئەوەی هاووڵاتی ئاسایی خۆی ببێتە بەشێك لەسەرچاوەی بیروبۆچوونی جیاواز هەمیش فێری کاری بەکۆمەڵ بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هاوبەش بۆ تێپەڕاندنی ئەو تەحدیانەی لە قۆناخی ڕاگواستن ڕووبەڕوویان دەبینەوە، ئەمەش دروست وەك کاری بونیادنانی دامەزراوەکانە کە لەسەرەتاوە پێویستمان بەهێز و ئیمکانیەتە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بونیاد بنرێن و لەسەر بنەمای کاری دامەزراوەیی کاری ڕۆژانە هەڵبسوڕێت، بەڵام کە دامەزراوەکان بونیاد نران هەرخودی دامەزراوەکان خۆیان ئەو هێزە سنوردار دەکەنەوە کە دامەزراوەکانی بونیادنانەوە، هەم دامەزراوەکان خۆیان دەبنە سەرچاوەی هاندانی هاووڵاتی بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی پەرەپێداندا، لەم هاوکێشەیەدا میدیا و کاری ڕۆژنامەگەری شتێکی جیاواز نییە، بەڵکو میدیاش بەپێی تێپەڕاندنی قۆناخەکە و هەنگاو بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسە سیاسیەکە، زیاتر کامڵ دەبێت و زیاتر ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، بە واتایەکی دیکە میدیا هەم بەشدار دەبێت لە بونیادی ئەو ژینگەیەی کە ڕۆژنامەگەری ئازاد ڕۆڵی خۆی تیا بگێڕێت، لە هەمانکاتدا ڕۆڵیشی دەبێت لە پاراستنی ئەو ئازادی و پەرەپێدانەی کە دوای سەرکەوتنی قۆناخی بونیادنانەوە کۆمەڵگە بە خۆیەوە دەبینێت.

((کۆماره ئازادەکەمان و رەوتی رۆژنامەگەریمان، پێکەوە و لەیەک کاتدا باڵا دەکەن و پێکەوەش شکست دێنن و دەڕمێن، رۆژنامەگەری بەشکۆ و دەستپاک، ئەو رۆژنامەگەرییە بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی دەدات، ئەو ئەقڵانەی لە پشتەوەیە کە لێهاتوون و لەسەر بنەمای مەعریفی راهێنراون و دەزانن کام مەبەست راستە، بۆیە بوێرانە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەدەن، بەمەش دەتوانێت پارێزگاری بە بەها بەرزەکانی گشتیەوە بکات، بەبێ ئەم بەها بەرزە گشتیانەش حکومەتی نوێنەرایەتی دەبێتە شتێکی کارتۆنی، بەڵام رۆژنامەگەری گاڵتەجار، رۆژنامەگەریەکی تێکشکاوە، ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە گومان دەخەنە سەر بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و ئاڵۆزی و ئاژاوە دروست دەکەن و بەتێپەڕبوونی کاتیش نەوەیەکی خراپی وەک خۆی بەرهەم دەهێنێت، هەربۆیە دەسەڵاتی داڕشتنەوەی ئایندەی کۆماری ئەمریکا لە دەستی نەوەکانی داهاتووی رۆژنامەنووساندایە)).

جۆزیف بۆلیتزر



دەیڤد یەپسن سەرۆکی سەنتەر پاول سیمۆن بۆ گوڵان:

# ئەرکی میدیا لە وڵاتانی تـــازە پێگەیشتوو ڕێپیشـــاندەری




**پرۆفیســۆر داڤید یەپســن بەڕێوەبــەری ئامۆژگای پاول ســیمۆنە بۆ سیاســەتی گشــتی و یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووســانەی کە ئەزموونی زیاتر لە ٣٠ ســاڵی کاری ڕۆژنامەنووســی مەیدانی و ئەکادیمی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی میدیا لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پرۆفیسۆر دیڤید یەپسن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

میدیــا لە هەموو قۆناخێکــدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەڵام لە قۆناخی ڕاگواستن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە، بۆیــە گرنگە ڕۆڵی میدیا لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو تەنها گواستنەوەی هەواڵەکان نەبێت، بەڵکــو ئەوە ئەرکــی میدیایە ڕێپیشــاندەری هاووڵاتیان بێــت کە دەبێت دامەزراوەکانی سیســتمی دیموکراتــی چۆن هەڵبســوڕێن و، چــۆن ڕێگەچارە و بژاردنــی جیاواز بخاتــە بەردەمی دەنگــدەران، لەمەش گرنگتر لەوڵاتانی تازە پێگەیشــتوو هیوا بۆ ئاینده بونیاد دەنرێــت، بۆیە گرنگە میدیا بایەخ بە ســتاندەرێکی بەرز بــۆ ئایندە بدات، بۆیە گرنگــە کەناڵەکانی میدیا جەخت بکەنە سەر مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگە: گەشەپێدانی ئابووری و پەروەردە و چاودێری تەندروســتی، کە مایەی وەدیهێنانی ئایندەیەکی ســەرکەوتوو و خۆشگوزەرە، بۆیە پێویستە میدیا ئەولەویەیەتی مەسەلەکان دیاری بکات، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن بڕیار بدەن. هەروەها گرنگە میدیا کێشــە و کەم و کورتییەکان بخاتــەڕوو و ڕووماڵی بکات و هۆکارەکان دەستنیشــان بکات، زۆرجار ئاشــکراکردنی کێشــە و ناکۆکییەکان یاریدەدەر دەبێــت لە هێورکردنەوەی

ولیەم باکۆک لەزانکۆی ئیلینۆس بۆ گوڵان:

# دەبێت میدیا هاووڵاتیان بە زانیاری ڕاست چەکدار بکات



**پرۆفیســۆر ولیام باکۆك ئوستادی ڕۆژنامەگەرییە لە زانکۆی باشــووری ئیلینۆس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەبوارەکانــی ئەخلاقی ڕۆژنامەگــەری و چۆنیەتی نووســینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری لەسەر سیاسەتی گشتی و ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵیشە لەهەردوو بواری مەیدانــی و ئەکادیمــی کاری ڕۆژنامەوانی دەکات، سەبارەت بە گرنگی ڕۆژنامەگەری بۆ دیموکراتی و ئەو ئاستەنگانەی کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە بۆ میدیا دروســت بوون، لــە لێدوانیکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

ڕاگەیانــدن لــە هەر وڵاتێکــدا، لە نێویانــدا وڵاتە تازەگەشــەکردووەکان، گرنگە بــۆ پێدانی زانیاری بــە هاووڵاتیانی وڵاتەکە، بۆ ئــەوەی تێبگەن چی دەگوزەرێــت. لە ئێســتادا ڕاگەیاندنــی چاپکراو و ڕاگەیاندنی ئۆنلایــن و ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئەلەکترۆنی و و پەخشکردن و فۆتۆگرافی و تەرفیهی دەگرێتەوە و هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندنیش گرنگن، واتە گرنگە کرانەوەیەکی زیاتر بە ڕووی ڕاگەیاندندا ببینرێت لە هەموو وڵاتاندا، لە نێویاندا وڵاتە تازەگەشەکردووەکان. لە پەیوەندیدا بە گرنگی ڕاگەیاندن بۆ دیموکراســیەوە، ئەوا پێویســتە لە دیموکراسیدا هاووڵاتیەکی چەکدار بە زانیــاری بوونی هەبێت، چونکــە ئەگەر هاووڵاتیەکی چەکــدار بە زانیاریت نەبێت، ئەوا دیموکراســی پوچ و بەتاڵە، کەواتە گرنگە هاووڵاتی توانای زانینی ئەوەی هەبێت چ دەگوزەرێت لە کۆمەڵگەکەیدا، لە کەلتورەکەیدا و لــە حکومەتەکەیــدا. هەروەهــا زۆر زۆر گرنگــە ڕاگەیاندن توانای بەرزکردنەوەی ئاســتی هۆشــیاری هەبێت لە ئاست مەسەلەکاندا، چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریش دەوەستێتەسەر کۆمەڵگەکە، ئیتر ئەوە خەڵکەکە بێت کە مەسەلەکە بوروژێنن، یاخود ڕاگەیاندن

# هاووڵاتیانە بۆ چۆنیەتی بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسیدا

کێشەکان، هەروەها میدیا دەتوانێت بەشێوەیەکی بەرپرسانە مامەڵە بکات لەگەڵ دەنگۆی پەیوەستدار کە دەبنەهۆی بەکۆگاکردنی کاڵا و شت و مەکی دەگمەن، هەروەها پێویستە میدیا بابەت بڵاوبکاتەوە لەسەر بژاردەی جۆراوجۆر بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورتییەکان. لەبەرامبەردا پێویستە لەسەر حکومەتیش لەوە تێبگەن کە راستە لە هەندێك کاتدا میدیای ئازاد و بێکۆت و بەند تارادەیەك بێزارکەرە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گرنگە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسییەتێکی تەندروست، پەرەپێدانی ئابووری لە پەرەپێدانی دامەزراوەی دیموکراسیدایە، بۆنموونە لە ئەمریکا باوکانی دامەزرێنەرمان لە ماددەی یەکەمی دەستووری ئەمریکا گرەنتییان کرد کە میدیایەکی ئازادمان هەبێت، پێش هەموو شتێك ئەوەیان کرد، لە پلە یەك، لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوە، ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە تاچەند باوکانی دامەزرێنەر جەختیانکردووەتەوە لەسەر ئازادیی میدیا، هەڵبەتە پێویستە لەسەر رۆژنامەنووسانیش بە هەستێکی بەرز و بە زانیاریی ورد کاربکەن، بەڵام گرنگە سەرکردە سیاسییەکان لەوە تێبگەن کە پێویستە لەسەریان رەخنە قبوول بکەن و لەگەڵ میدیا کراوە بن بۆئەوەی کار و رەفتارەکانیان شیبکەنەوە. هاوکات حکومەتەکان دەتوانن یاریدەدەری ئاژانسەکانی هەواڵ بن لەرێگەی دابینکردنی کەرەستەی پێویست، ئەمەش بەو مانایەیە ئەو حکومەتانەی کە خوازیارن بۆ وەدیهێنانی میدیای ئازاد ئەوە پێویستە لەسەریان ئامێری پەخش و تاوەر و کەرەستەی گونجاو بۆ میدیاکانیان دابین بکەن، هەر هەمان شت تەکنۆلۆژیاکانی ئەنتەرنێتیش دەگرێتەوە.

بێت پرسەکە بوروژێنێت، ئایا چ شێوازێك دەگیرێتەبەر، شێوازی راگەیاندنی ئەلەکترۆنی و خەڵکی چۆن وەك رۆژنامەنووسێك کاردەکەن لە چوارچێوی کۆمەڵگەکەدا، کە ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی کێ وەك رۆژنامەنووس کاردەکات. هەموو ئەمانە بەشێکی دانەبڕاون لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بەڵام هەموو نەتەوەکان وەك یەك نین لە تێڕوانیاندا بۆ راگەیاندن و بۆ چۆنیەتی رێکخستنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بەڵام هەر وڵاتێك بیەوێت رۆژنامەگەری و حکومەت لە یەك جیا بکاتەوە، ئەوا ئەگەر و دەرفەتی باشتر دەڕەخسێت کە حکومەت باشتر خزمەت بکرێت لەلایەن راگەیاندنەوە، کە راگەیاندنێکی بەرپرسیارتر دەبێت و لە روانگەی ئیتیکیەوە پتر بایەخ بە نیگەرانیەکانی خەڵك دەدات. لەگەڵ ئەمانەشدا راگەیاندن لە سەرتاسەری جیهاندا کێشەی هەیە لەگەڵ دابینکردنی داراییدا، کە ئێستا زۆرێك لە هاووڵاتیان دەبنە رۆژنامەنووس، «blog» یان هەیە و ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن و راگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن و... «twitter» بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری. پێموایە لەگەڵ ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا قورسە، ئەوا ئێمە پێدەنێینە رۆژگارێکەوە، کە راگەیاندنی بەدیل رۆڵێکی زۆر گەورەتری هەیە، بە بەراورد بە هەر کاتێکی دیکە. و ئەوەی روودەدات لەسەر ئاستی گشتی، ئیتر بەهاری عەرەبی بێت، یان بەکارهێنانی «blog» بێت لە ئەمریکا، یاخود لە پەیوەندیدا بە «Micro-blog»ەوە هەبێت لە چین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمانە کاریگەری گەورەیان هەیە و واقیعێکیان دروستکردووە کە بۆتە هۆی ئەوەی بۆ مانەوەی راگەیاندن لە رووی داراییەوە دووچاری دژواری ببێتەوە.

# خۆپەرستیی سیاسیی

باڵادەستیی خۆپەرستیی سیاسیی، لە کایەیەکی سیاسیی تایبەتدا دەبێتە هۆی بایکۆتکردنی کاری هاوبەش چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەدا. ئەوەی وا دەکات خۆپەرستیی سیاسیی توانای بایکۆتکردنی هەبێت، نەزانیی لایەنەکان نییە بەرامبەر بە نرخ و بەهای کاری هاوبەش، بەڵکو بایکۆتکردنەکە وەك پاساوێك بۆ خۆدزینەوەو دەرچوون لەژێر ئەرکی بەرپرسیارێتی خۆی بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە، زەقکردنەوەی کەموکوڕییەکان لە زەمینەی خزمەتگوزاریی و ئیداریی و تەنانەت گەندەڵییەکانیشدا لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەکانەوە، تا ئەو کاتە گرنگییان هەیە کە ئۆپۆزیسۆنیش خۆی لە چارەسەرکردنیان و کەمکردنەوەیان نەدزێتەوە. یان تا ئەو کاتەی لایەنەکانی دەسەڵات دەرگا بەسەر ئۆپۆزیسۆندا دەکەنەوە بۆ بەشداربوون لە حوکمکردندا. بەڵام چ زەقکردنەوەی کێشەکان و چ تاوانبارکردنی لایەنی دەسەڵات لە کەموکوڕییەکان، بەرپرسیارێتی لەسەر شانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسۆن سەبارەت بە پرۆژە و کارەهاوبەشەکان کەم ناکاتەوە، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵات مانەوە، بەمانای لەدەرەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتی و بەشداریکردنی کاری هاوبەش نییە. یەکێك لەو زەمینانەی کاری هاوبەشی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن، بریتیە لە کایەی پەروەردە، کە هەستیارترین کایەیە سەبارەت بە دوارۆژی هەردوو لایەنی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات، بەڵام بەبێ هەبوونی پرۆژە و کاری هاوبەش. ئەمەش لەکاتێکدا ئەم کایەیە کایەیەکی نەرمە و هەمیشە ئۆپۆزیسۆن دەتوانێ لەم کایەیەدا لەگەڵ لایەنی دەسەڵات پرۆژەی هاوبەشیان هەبێت، بەبێ ئەو دەرگیریی و ناکۆکیانەی کە بۆی هەیە لە بواری کایەی ئابووریدا هەیانبێت.



ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

خۆپەرستیی (Egoism) لەهەر بوارو کایەیەکدا بێت، نیشانەی جۆرێك لە بیمارییە. ئەگەرچی لە هەندێ ئاست و بواردا شیاوی قەبووڵکردنە، چونکە زیانەکەی تەنیا بۆ خۆپەرست و خۆپەرستانە. بەڵام لە هەندێ بوارو کایەدا زیانی خۆپەرستیی لەوەش تێپەڕ دەکات و بەدئەنجامییەکانی گشت کۆمەڵگا دەتەنێتەوە. خۆپەرستیی سیاسیی یەکێکە لەو کایەو بوارانەی، کە خۆپەرستبوون هەر تەنیا ئەو کەسانە ناگرێتەوە، کە تیایدا بەشدارن، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگاش دەگرێتەوەو دواجار سیاسەت کۆمەڵگایەکی خۆپەرست دروستدەکات، کە ژیان تیایدا ئەستەم و نائاسوودەیە.

نیشانەی سەرەکیی خۆپەرستیی ئەوەیە کە خود لەو پرۆسەیەدا دەبێتە خولگەی پەرستن و لێرەشەوە پێوەندییەکانی بە ئەوانیترەوە دەپچڕێت. خۆپەرست کەسێکە، لە هەر شتێکدا کاری بۆ دەکا و ئامادەیی هەیە، تەنیا خۆی دەبینێتەوە، ئەو خۆی هێندەی قەبارەی گشت کۆمەڵگاو بوارەکانی گەورە دەبینێ و گشت کۆمەڵگا و ژیانی هاوبەش دەکاتە ئاوێنەی خۆبینینەوەی خۆی... خۆپەرست، خۆی خۆش ناوێت، بەڵکو خۆی دەپەرستێت و کەسیشی خۆشناوێت. خۆپەرست (گشت و فرەیی و پێکەوبوون و هاوکاریی) لەبیر دەکات و تاکایەتی و خودی خۆی دەخاتە سەرووی هەموو شتێکیترەوە. لە جەوهەری خۆپەرستیدا ئەویتر دەکرێتە دەرەوە و (من)ی خۆپەرست جێگەکەی دەگرێتەوە. بەمجۆرەش منێکی گشتێنراو، منێکی زەڕەبینیکراو، جێگەی گشت منەکان دەگرێتەوەو ئەم منەش خۆی دەخاتە بری هەمووان.

لە ئاستی سیاسیدا، خۆپەرستی زادەی ڕزگارنەبوونە لە بیرۆکەی (پێشڕەوایەتی، ڕەسەنێتی و کۆنیی و یەکەمینی). ئەو لایەنە سیاسیانەی خۆیان بە یەکەمین، پێشڕەو، یان کۆن و ڕەسەن دەزانن، دەکەونە داوی خۆپەرستییەوەو خۆپەرستیش دەیانخاتە سەر بیرۆکەی ستەمکاری و تاکڕەویی سیاسیی.

هۆکاری ئەوەی لایەنە سیاسیەکان بەرەو خۆپەرستیی دەچن، زۆرن، بەڵام فراوانبوونی دیاردەی ملکەچیی و خۆبەکۆیلەکردن و بێدەنگیی هۆکارێکی هەرە سەرەکییە. چ ئەوانەی بە زۆر و چ ئەوانەی بە قەناعەت زۆرینەی هەرە زۆری هاووڵاتیان، بەشێوەیەك لە شێوەکان ملکەچ و پابەندیی خۆیان دەکەن، نەزعەی خۆپەرستییان تێدا پتەوە و ئەمەش بە جۆرەها شێوە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر پێکهاتەی سیاسیی و تاکەکانی دەوروبەری.

هاندەری شاراوە، بەڵام کاریگەرانەی ئاڕاستەبوونی پارتەسیاسیەکان بەرەو خۆپەرستیی سیاسیی، مانەوەیە لە چوارچێوەی پەروەردەی دەروونحزبیدا، کە لە وتارێکیتردا ئەم هۆکارەم وەك ڕێگرێك بۆ پەروەردەبوونی سیاسیی، شیکردۆتەوە. پەروەردەی دەروونحزبیی، جگە لەوەی ڕێگرە لەبەردەم پەروەردەی سیاسیدا، ئاواش تاکەکەسە خۆپەرستەکان و ڕۆحیی خۆپەرستیی لە تاکەکاندا برەوپێدەدات. ئەمەشمان کاتێك بۆ دەردەکەوێ کە ئەو تاکەکەسانە دەبینین و دڵێ خۆیانمان بۆ دەکەنەوە و ئاشکرای دەکەن، کە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی دەروونحزبییەوە بیردەکەنەوە، بەڵام لە ناچاریی و بۆ پاراستنیی بەرژەوەندییەکانیان و تەنانەت بژێوی ژیانیان..

لە توێژینەوەیەکی سنووردادا کە بە شێوەی ڕاپرسیی ئەنجامم داوە، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە لەکایەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، هیچ کات ژمارەی ئەندام و لایەنگرانیی حزبی سیاسی، بە پارتەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنیشەوە، یەکسان نییە بە ژمارەی ڕاگەیانراویان و لەسەر حسابی چەندێتی، چۆنیەتی لە داخزاندایە. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دژوازییەك هەیە لە نێوان پەروەردە و ئاڕاستەکردنی پارتەکان بۆ ئەندامانیان و ئەوەی خۆیان لە ناخیاندا بڕوایان پێیەتی و ویستیان ئەوەیە پارتەکەشیان بەوجۆرە بوایە. ئەمانە هەستدەکەن کە ملکەچیی بۆ بڕیارەکان لە کایەی حزبایەتیدا دەکەوێتە پێش ئاڕاستەبوونی ویژدانیانەی تاکەکەسەکانەوە. لە ئەنجامیشدا جۆرێ لە کەئابەی سیاسیی، یان دیپراشیۆنی سیاسیی بۆ ئەم کەسانە دروستبووە، کە وایان لێدەکات لەکاتی بڕیارە گرنگەکانی وەك هەڵبژاردنەکان و تێوەگلان لە جۆرەکانی گەندەڵی و بەشداریکردن تیایاندا، بکشێنەوە و پەیڕەوی لە ویژدانی ناوەوەی خۆیان بکەن. هۆکاری ئەم

**ئامادەیی یادوەریی بەهێزی لایەنەکان لە ئاست یەکترداو پێوانەکردنی هەڵوێستەکانیان لە ئاست یەکتردا، بەپێی خۆشی و ناخۆشیی ئەو یادوەریانە، نیشانەی خۆپەرستیی سیاسی لایەنەکانە**

ئەنتاگۆنیزمە سیاسیە، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هووشیارییەی تاکەکان سەبارەت بە بڕیار و بیرکردنەوەی دروست هەستی پێدەکەن، بەڵام تواناو دەسەڵاتی گۆڕینی واقیعەکەیان نییە. لە کۆتاییدا ئەمە ئەوەش دەردەخات، کە پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی پارتە سیاسیەکان لەکایەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تاکەکەس تیایدا هەست بە ئاسوودەیی بکات.

بۆیە لە دۆخیی ئێستادا خۆپەرستیی سیاسیی دیاردەیەکی دیاری لایەنە سیاسیەکان و بەڵگەی باڵادەستیی پەروەردەی دەرونحزبیی و نادیاریی پەروەدەی سیاسییە. بۆیە پێویستە لێرە بەدواوە نیشانە دیارەکانی باڵادەستبوونی خۆپەرستیی سیاسیی، لە کایەی سیاسیدا بەسەر بکەینەوە و لە میانەی شیکردنەوەیاندا، ئەو زیانانە بهێنینە پێش چاومان کە هەم تاکەکەس و هەم کۆمەڵگاو هەم پارتە سیاسیەکان لەداهاتوودا دەیکەن.

بەشێوەیەکی گشتیی، خەسارناسیی خۆپەرستیی سیاسیی ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

**یەکەم) ئاراستەی بڕیار:**

لە هەر کایەیەکی سیاسیدا کە خۆپەرستیی سیاسی باڵادەست بوو، ئاراستەی بڕیار دەبێت بەدەست ئەو لایەنەوەبێت کە پتر خۆپەرستە. بەم جۆرەش، خۆپەرستیی سیاسیی، ناچێتە ژێر بڕیاری هیچ لایەنێکی ترەوە و دەیەوێت بەهەر بیانوویەك بێت خۆی تاقە لایەنی بڕیاردەر بێت. خۆپەرستیی سیاسیی، ئاراستەی بڕیاردان دەستنیشان دەکات، تەنانەت ئەگەر بە پێچەوانەی حەز و ویستیی لایەنگران و پێگەی جەماوەریی خۆشییەوە بێت. لە کایەی سیاسیی هەرێمدا ئەم دیاردەیە بە ڕوونیی دەبینرێتەوە، ئەویش لەو شوێنانەدا کە پارتەکانی ناو دەسەڵات لە ئاست ئۆپۆزیسۆندا ڕەقیی دەنوێنن و لەو کاتانەدا کە پارتەکانی ئۆپۆزیسۆن ناچنە ژێر باری داواکارییەکانی دەسەڵاتەوە. بەشداریی نەکردنی پارتە ئۆپۆزیسۆنەکان لە دەسەڵاتدا، دەکەوێتە ژێر ئەم گریمانەیەوە، هەروەك چۆن بێموبالاتیی و پرسەخەسووانەی دەسەڵاتیش بە ئۆپۆزیسۆن دەچێتە ژێر هەمان خانەوە. ئەم ناکۆکە جگە لەوەی ئەنجامیی بیرکردنەوەی جیاوازە، ئاواش نیشانەی ئامادەیی خۆپەرستیی سیاسییە لە هەردوو کایەی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵاتدا.

**دووەم) ئاراستەی هەڵوێست:**

لە زەمینەیەکدا کە خۆپەرستیی سیاسیی ئامادەیی هەبێت، هاوهەڵوێستی و چوونهەڵوێستی نامێنێت، یان تەواو لاواز دەبێت. بەشێکی ئەمە پێوەندیی هەیە بە یادەوەریی پارتە سیاسیەکانەوە، کە یەکتری باش دەناسن و دەستیی یەکتری ئاشکرا دەکەن و هەریەکەیان بەپێی ئەو (غەدر)انەی لە یادەوەریاندا لایەنی بەرامبەر لێی کردوون، هەڵوێستی جیاواز و لە کات و دەرفەتی جیاوازدا لە یەکتر وەردەگرن. ئامادەیی یادەوەریی بەهێزی لایەنەکان لە ئاست یەکتردا و پێوانەکردنی هەڵوێستەکانیان لە ئاست یەکتردا، بەپێی خۆشی و ناخۆشیی ئەو یادەوەریانە، نیشانەی خۆپەرستیی سیاسی لایەنەکانە. ئەمەش لەبەر ئەوەی یادەوەریی بە توندیی بەستراوە بە شوناس و لەخۆتێگەیشتنەوە، هەر بۆیەشە هەرکات فاکتەری (ئێمە) لەبەرامبەر (ئەوان)دا بێتە ئاراوە، (بیر لە خۆکردنەوە) دێتە چەقەوە و خۆپەرستیی سیاسیی زەق دەبێتەوە. هەڵوێستی ئۆپۆزیسۆن و هەڵوێستیی هەندێ لە پارت و کەسایەتیە سیاسیەکان لە ئاست بەغداو لە ئاست ڕاگەیاندنی پرۆژەی دەوڵەتیی کوردی، بە ئاشکرا ئەم ڕەهەندەی خۆپەرستیی سیاسیی دەرخست. ئەمەش کاتێ هەمووان دەیانزانیی کە کورد ئەو مافەی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی یادەوەرییان لە ئاست لایەنی دەستپێشخەردا کردە پێوەر، هەڵوێستەکەشیان ناکۆك هاتەوە، هەرچەندە پاساوەکانیان جیاوازیش بوون.

**سێیەم) بایکۆتی کاری هاوبەش:**

باڵادەستیی خۆپەرستیی سیاسیی، لە کایەیەکی سیاسیی تایبەتدا دەبێتە هۆی بایکۆتکردنی کاری هاوبەش چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوە. ئەوەی وا دەکات خۆپەرستیی سیاسیی توانای بایکۆتکردنی هەبێت، نەزانیی لایەنەکان نییە بەرامبەر بە نرخ و بەهای کاری هاوبەش، بەڵکو بایکۆتکردنەکە وەك پاساوێك بۆ خۆدزینەوەو دەرچوون لەژێر ئەرکیی بەرپرسیارێتی خۆی بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە، زەقکردنەوەی کەموکوڕییەکان لە زەمینەی خزمەتگوزاریی و ئیداریی و تەنانەت گەندەڵییەکانیشدا لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەکانەوە، تا ئەو

**زەقکردنەوەی کەموکوڕییەکان لە زەمینەی خزمەتگوزاریی و ئیداریی و تەنانەت گەندەڵییەکانیشدا لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەکانەوە، تا ئەو کاتە گرنگییان هەیە کە ئۆپۆزیسۆنیش خۆی لە چارەسەرکردنیان و کەمکردنەوەیان نەدزێتەوە**

کاتــە گرنگییان هەیە کە ئۆپۆزیســۆنیش خۆی لە چارەســەرکردنیان و کەمکردنەوەیــان نەدزێتەوە. یان تا ئەو کاتەی لایەنەکانی دەســەڵات دەرگا بەســەر ئۆپۆزیسۆندا دەکەنەوە بۆ بەشداربوون لە حوکمکردندا. بەڵام چ زەقکردنەوەی کێشــەکان و چ تاوانبارکردنی لایەنی دەسەڵات لە کەموکورییەکان، بەرپرسیاریەتی لەســەر شانی ئۆپۆزیسۆنەکان ســەبارەت بە پرۆژە و کارەهاوبەشــەکان کەم ناکاتــەوە، چونکە لە دەرەوەی دەســەڵات مانەوە، بەمانــای لــەدەرەوەی ئەرك و بەرپرســیارێتی و بەشــداریکردنی کاری هاوبــەش نییە. یەکێك لەو زەمینانەی کاری هاوبەشــی نێوان دەســەڵات و ئۆپۆزیسۆن، بریتیە لە کایەی پەروەردە، کە هەستیارترین کایەیە سەبارەت بە دوارۆژی هەردوو لایەنی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات، بەڵام بەبێ هەبوونی پرۆژە و کاری هاوبەش. ئەمەش لەکاتێکدا ئەم کایەیە کایەیەکی نەرمە و هەمیشە ئۆپۆزیسۆن دەتوانێ لەم کایەیەدا لەگەڵ لایەنی دەسەڵات پرۆژەی هاوبەشیان هەبێــت، بەبێ ئەو دەرگیریی و ناکۆکیانەی کە بۆی هەیە لە بواری کایەی ئابووریدا هەیانبێت.

**چوارەم) لاوازبوونی بەشداریی سیاسیی:**

خۆپەرســتیی سیاســیی بۆی هەیە بــە لاوازبوونی بەشداریی سیاسیی هاووڵاتیان کۆتایی بێت. چونکە کایەی سیاســیی خۆپەرست، نابێتە نموونەیەکی باش لەبــەردەم تاکەکــەس و هاووڵاتیان بــۆ ئەوەی ڕوو لــە کاری سیاســیی بکەن و لە فۆرمــی جیاوازدا، بەشــداریی سیاســییان هەبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین: هەتا خۆپەرستیی سیاســیی بەسەر کایەی سیاسیدا باڵادەست بێت، نموونەی باڵای کایەی سیاسیی لاواز دەبێت و لە جیاتیی هاندانی تاکەکان بۆ بەشــداریی سیاســیی، لە سیاســەت دەتۆرێــن و دەبێزرێن. لە بارودۆخیی ئێستای هەرێمدا، نموونە باڵاکانی کاریی سیاسیی بەشــێوازێك لەگەڵ نموونە باڵاکانی کایەی ئابووریــدا تێکەڵ بوون، سیاســەت وەك ئامرازێکی ئابووریی لێهاتووە بۆ بەدەســتهێنانی قازانج و سامان و نفوزکردنە ناو ســامانی گشــتی. ئەم تێکەڵبوونە ئەوەندەی بەرجەســتەکەری ئیگۆیزیمی سیاسیە، لە پێناو شــتێکدا لەدەرەوەی سیاسەت، ئەوەندە سیاسیانە نییە. هەر بۆیەشە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر سیاسەت وەك (ڕامیاری و ڕامکردن و بەرزەفتەکردن و فۆرمەکانی کوشــت و بڕ و زیندان و شێوازەکانی توندوتیژی ) وێنای دەکرا، هەروەك چۆن لە قۆناغێکیشدا وەك (فڕوفێڵ و پاشقول و دەسیسە و پیلانگێڕیی ) تەماشای دەکرا، ئەمێستاش وشەی سیاســەت وەك هاوپێچێکــی ئابووریی لێهاتووە و بەبیرخەرەوەی پارە و قازانج و کۆمپانیا و ئەو جۆرە شتانەیە. ئەم شوێنگۆڕکێیە لە مانادا، تاکەکەسی لە بەشــداریی سیاسیی دوورخســتۆتەوە، چونکە دەبینێ نمونە باڵاکانی سیاسەت، شتێك دەکەن کە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە، نییە.

**پێنجەم) کێشەی شوناس و ئاسایشی نیشتیمانی:**

لەکایەیەکی سیاســیی خۆپەرســتانەدا، هەمیشە کێشــەی شــوناس و لەوێشەوە کێشــەی متمانە و ئاسایشــی نیشــتمانی لە بەردەم هەڵوەشانەوە و لاوازبوونــدان. خۆپەرســتیی سیاســی، تەنیا خۆی دەپەرســتێ، لە کاتێکدا شوناس وێنەیەکی هاوبەشمان لەسەر کۆمەڵگا و هێزەکانی پێشکەش دەکات. بە گەورەبوونی خۆپەرستیی و هەڵاوسانی خۆپەرست، ئەوەی هاوبەشە دەپووکێتەوە. بۆیە لەم زەمینەیەدا متمانە دروســتنابێت، چونکە متمانە بەرهەمی هاوکاریی و پێکەوەبوونی کەســەکانە لە چوارچێوەی بڕوابون بە ئامانج و بەها هاوبەشەکان.. بەبێ متمانەش، ئاســایش دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە متمانە کۆڵەکەی ئاساییشی کۆمەڵگایە. خۆپەرستیی سیاسیی، ئەو مەترسییە شاراوەیەی ناو کایەی سیاســیە، کە هەمیشــە توانای هەیە دەســەڵات بکاتەوە بەهێز و هێزیش بە توندوتێژی. بۆیە لەناو کایەیەکی ســیخناخ بە خۆپەرســتیی سیاسی، ئاسایشی نیشتیمانی، نەك هەر لە ڕووی ئابووریی و ســەربازییەوە دەکەوێتە مەترســییەوە، بەڵکو لــە ڕووی تەندروســتیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ڕۆحیشەوە، هاوسەنگیی خۆی لەدەست دەدات.. بێمتمانەیی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کایەی سیاســیی هەرێم، بــەڵام وەك ئەنجامی خۆپەرستیی سیاســی، نەك بە پێچەوانەوە. مەرج نییە بێمتمانەیی بە خۆپەرستیی سیاسی کۆتایی بێت، بەڵام مومکین نییە خۆپەرســتیی سیاسیی، بەرهەمهێنەری جۆرێك لە بێمتمانەیی و قەیرانیی شوناس نەبێت..

*** پرۆفیســۆری یاریدەدەر، بەشــی فەلسەفە، زانکۆی سەلاحەدین.**

**هەڵوێستی ئۆپۆزیسۆن و هەڵوێستیی هەندێ لە پارت و کەسایەتیە سیاسیەکان لە ئاست بەغداو لە ئاست ڕاگەیاندنی پرۆژەی دەوڵەتیی کوردی، بە ئاشکرا ئەم ڕەهەندەی خۆپەرستیی سیاسیی دەرخست**



# سیاسەتی تاکڕەوی مالیکی خەریکە پێکەوەژیان لە عێراقدا مەحاڵ دەکات

(وڵاتێك بەزەبری هێز یەكپارچەییەكەی بپارێزرێت شایەنی ئەوەنییە بە یەكپارچەیی بمێنێتەوە)، ئەمە قسەی گراهام فۆلەرە سەبارەت بە عێراقی دوای رژێمی بەعس، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە بونیاد نەنرێتەوە كە عێراقیەكان خۆیان پەسەندی دەكەن و عێراق نەبێتە وڵاتێكی دیموكراتی، ئەوا پێكەوەژیانی نێوان كورد و عەرەب و عەرەبی شیعە و سوننە مەحاڵ دەبێت، بەداخەوە ئەوەی ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەبینرێت ئەوەیە رۆژ لەدوای رۆژ پرۆسە سیاسیەكە ئاڵۆزتر دەبێت و زیاتر پێكهاتەكان لەیەكتری دووردەكەونەوە، لەمەش خراپتر ئەوەیە خەریكە زەمینەی شەڕێكی مەزهەبی خوێناوی لە نێوان شیعەو سوننە دروست دەبێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر هەینی رابردوو خۆپیشاندانەكان بگەیشتنایە بەغدا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو كە شەڕێكی خوێناوی مەزهەبی لەنێوان خۆپیشاندەرانی سوننە و شیعە رووی بدایە، لەلایەكی دیكەش نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق كە بەپێی رێككەوتنی هەولێر دەبوو بە دەستوورەوە پابەند بێت و تەواوی بەندەكانی ئەو رێككەوتنامەیە ئیمزا بكات و كێشە هەڵواسراوەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان چارەسەر بكات، بەڵام وەك لەماوەی دووساڵی رابردوو دەیبینین، رۆژ لەدوای رۆژ كێشەی زیاتر دروست دەكات بۆ ئەوەی خۆی لە جێبەجێكردنی دەستوور و جێبەجێكردنی بەندەكانی رێككەوتنی هەولێر بدزێتەوە، بەمجۆرەش عێراق كەوتۆتە باردۆخێكەوە كە نازانرێت ئایندەكەی بەرەو كوێ دەچێت، هەروەها پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا هەتا كەی نوری مالیكی سەرۆك وەزیران دەتوانێت بە سیاسەتی دروستكردنی كێشە لەدوای كێشە و بە ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی و سیاسیی ئەم بارودۆخە درێژە پێبدات؟ سەبارەت بەم لایەنە چاودێرانی سیاسیی ئەم بارودۆخە بەو جۆرە دەبینن، كە ئامانجی مالیكی لەسەر درێژەدانی ئەم سیاسەتە بۆ ئەوەیە هەتا كاتی هەڵبژاردنی داهاتوو بارودۆخەكە بەم شێوەیە بەڕێوەببات، ئەمەش بە ئومێدی ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگێكی زۆر بەدەست بهێنێت و حكومەتی زۆرینە دابمەزرێت و بەرێگەی زۆرینە دیكتاتۆریەتێكی دیكە لە عێراقدا زیندوو بكاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە كە نوری مالیكی پیلانی بۆ دارِشتووە و بەردەوامیش هەوڵەكانی لەو پێناوەیە كە هەموو میكانیزمێك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی نەیارە سیاسیەكانی تەسفیە بكات و لاوازیان بكات، پرسیار ئەوەیە ئایا مالیكی دەتوانێت ببێتە دیكتاتۆر؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا و لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانكاریانەی لە ناوچەكە بەڕێوەیە، زۆربەی چاودێران بەو جۆرە سەیری هاوكێشەی سیاسیی عێراق دەكەن، كە عێراقی ئێستا ناتوانرێت بە دیكتاتۆریەت كۆنترۆڵ بكرێت، لەبەر ئەوەی هەم هەلومەرجی ناوچەكە گۆڕاوە و هاوپەیمانی و جەمسەرگیری ئیقلیمی گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، هەمیش بارودۆخی عێراقیش لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی بەعسەوە گۆڕانكارییەكی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە، كە زەحمەتە بواری ئەوە بڕەخسێت دیكتاتۆریەت لە عێراقدا جارێكی دیكە زیندوو بێتەوە، بەڵام لە هەمانكاتدا مەترسی ئەوەش هەیە ئەگەر نوری مالیكی سەرۆك وەزیران نەگەڕێتەوە بۆ لۆژیكی ئاقڵانە و پابەندبوون بەدەستوور و بەندەكانی رێككەوتنەكانەوە، ئەوا لایەنی زەرەمەندی گەورە لە پرۆسە سیاسیەكە لایەنی شیعە دەبێت، بۆیە لەم حاڵەتە ئەوە دەبێتە ئەركی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە كە هەوڵەكانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی مەترسی سیاسەتەكانی مالیكی لەسەر لایەنی شیعە و بەگشتیش لەسەر عێراق دووربخاتەوە، بەڵام پرسیاری دیكە لێرەدا ئەوەیە ئایا هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە هەوڵیداوە سنوورێك بۆ رەفتارەكانی مالیكی دابنێت، یان لانی كەم كاندیدێكی تر لە بری مالیكی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دەستنیشان بكات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بێگومان دەبێت دان بەو راستیە تاڵەدا بنرێت بەوەی بەداخەوە هەتا ئێستا لیستی هاوپەیمانی شیعە وەك لیستی زۆرینە لەعێراق بە یەكگرتوویی نەیانتوانیووە نە سنوورێك بۆ مالیكی دابنێن نە بەرنامەیەكی چاكسازی ئەوتۆشیان خستۆتە روو كە بتوانرێت بە دیالۆگ و دانوستاندن كێشەكان چارەسەر بكرێت و پرۆسە سیاسیەكە رێكبخرێتەوە، هەر بۆیە ئەم كەمتەرخەمیەی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە جۆرە بێ ئومێدیەكی دروستكردووە كە رۆژ لەدوای رۆژ كێشەكان ئاڵۆزتر بن و زیاتر كێشەكان لەسەر یەكتری كەڵەكە بن و بگاتە ئەو ئاستەی كە هەموو لایەك بگەنە بەردەمی دەرگا داخراوەكان، لەم حاڵەتەشدا كە هیچ ئومێدێك بە چارەسەری ئاشتیانەی كێشەكان بونیان نامێنێت، ئەوا بارودۆخەكە بەجۆرێك دەتەقێتەوە كە لەوانەیە زەحمەت بێت دواتر بە ئاسانی كۆنترۆڵ بكرێتەوە، كە ئەمەش روویدا پێكەوە ژیان لە عێراقدا دەبێتە كارێكی مەحاڵ و نەك تەنیا كورد ناچار دەبێت بڕیاری خۆی بدات و ئەو واقیعە قبوڵ نەكات، لەوانەیە پێش كورد عەرەبی سوننەش بڕیاری خۆی بدات و بە یەكجارەكیش سیاسەتەكانی مالیكی كۆتایی بە عێراق بهێنێت.

### عارف تەیفوور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر شیعە هاوپەیمانی کورد لەدەست بدات چارەنووسێکی خراپیان دەبێت


**بارودۆخی عێراق لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هیچ هەوڵێکی ئەوتۆ نابینرێت کە کێشەکان بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکرێن و پرۆسە سیاسییەکە بخرێتەوە سەر سکەی خۆی، بۆیە لەم بارودۆخەدا دەرگای هەموو ئەگەرەکان کراوەیە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز عارف تەیفوور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عیراق ئەنجامداو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی ئێستای عیراق چۆن دەبینیت؟**

- بارودۆخی ئێستای عیراق لە دۆخێکی زۆر ناهەموارو ناجۆردایە چونکە لایەنەکان هەموویان تا ئاستێکی زۆر پێوەندییەکانیان پێکەوە کز بووەو لە یەکتر دابڕاون، بارودۆخەکە لەو کاتەوە ئاڵۆزتر بووە کە لایەنی سوننە مەزهەبەکان لە شارەکانی کە خۆیان تێیدا باڵادەستن دەستیان کردووە بە خۆپیشاندانەکان، لەولاوەش نووری مالیکی تا ئێستا وەڵامدانەوەی پێویستی نەداونەتەوە، ڕاستە کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە لێدوانی جۆراو جۆر دەدات و دەڵێت وەڵامم داونەتەوەو خەریکی جێبەجێکردنی هەندێ مەسەلەو داخوازی ئەوانم، بەڵام ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیعە شتێکی وا بەدیارنەکەوتووە لەوەی خۆپیشاندەران داخوازی دەکەن و جێبەجێ بوو بێت لە هەمان کاتدا ئەمڕۆ مالیکی کەوتۆتە گۆشەیەکەوەو بە تاقی تەنیا ماوەتەوە، ئیتر لەو نێوەندەدا تا بێت دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و دیار نییە دەرئەنجامەکانی کۆتایی بە کوێ دەگات..

*** لە دانیشتن و وتووێژەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی و هاوپەیمانی کوردستانی چ ئاکامگەلێك بە دیار کەوتووە؟**

- تا ئێستا چ دەرئەنجامێك بۆ دانوستانەکانیان لە ئاسۆدا دیار نییە، لەم دواییەدا کە باسوخواسی ئەو خۆپیشاندانانەی سوننەکان هاتە پێشەوە هاوپەیمانی کوردستانی و کوردیش بە گشتی تا ئاستێك هەڵوێستێکی بێلایەنیان هەڵبژاردو خۆیان نەکردە تەڕەفگیر لەوەدا هاوکات لەناو کۆمەڵگەی شیعەشدا ئەو دەنگە بە توندی بەرزەو وا دەبیسترێتەوە کە شیعە بە بێ کورد تووشی زۆر چارەنووسی خراپ دەبێت لەبەر ئەوە بە هەر شێوەیەك بووە نایانەوێت کورد لە دەستی خۆیان بدەن، بۆیە لەم دواییەدا هەوڵ دەدەن ئەو پێوەندییانەی کە هەیە نوێی بکەنەوە لەگەڵ لایەنی هاوپەیمانی کوردستانی و کەوتنە پێوەندی کردن و ئێمەش لە ناو پەرلەماندا هەستمان بەوە دەکرد، بۆیە ئێستا خەریکن چارەسەری ئەو ناکۆکییانە بکەن کە لەنێوان هاوپەیمانی کوردستانی و هاوپەیمانی نیشتمانی هەیە، شاندێکیان نارد بۆ ئێرە بەناوی تارق مەزن ئەگەرچی ساڵێك دەبێت ئەو کەسایەتییە لە گۆڕەپانی سیاسی دوور کەوتۆتەوە، بەڵام کە مالیکی ئەو و دوو کەسایەتیی تری



**دەوڵەتی قانوون نەئامادەیە سەرژمێری گشتی لە عێراق ئەنجام بدرێت، نە ئامادەیە گوێ لە پێشنیارو داواکارییەکانی هەردوو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و عێراقییە بگرێت**

نارده لامان کە لەوەو پێش ئەوانە نەهاتبوونە پێشێ تا بزانین ڕاست دەکەن یان قسەکانیان جددیاتی تێدایە یان نا بۆیە ئەوانەیان ناردو هاتن تا جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی یان بینی لەوەدا بزانین دەگاتە کوێ، ئەوان ئامادەیی خۆیان لە هەموو ڕوویەکەوە نیشان داوە کە چارەسەری ئەو گرفتانەی نێوان کوردو حکومەتی ناوەندی بکەن..

*** ئەوەی دەیبینین پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکانە، لە هەمووشی گرنگتر پێشوازی کردنێکی جیدیی لە داخوازییەکانی خەڵکی ناڕازی بوونی نییە، ئەی دەرئەنجامی ئەمە چی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بە ڕاستی من ئەمە بە شتێکی خراپ دەزانم، دەبوایە بەرپرسانی خاوەن دەسەڵات کە ئەمڕۆ شیعەکان زۆرینەی دەسەڵاتەکانیان لە بندەستە پێویست بوو وەڵامیان بدابایانەوە، پێویست بوو هەندێك کارو چاکسازییان بکردایە تا ببوایەتە جێی ڕەزامەندی خۆپیشاندەران، نەختێك تووڕەییان دابمرکایەتەوە، هەرچەندەش وا بە ئاسانی ئەم دۆزی خۆنیشاندانانەش دامرکانەوەی هێندە ئاسانیش نابێت، لەبەر ئەوەی لایەنی بەرانبەریش وەڵامدانەوەی پێویستی نییە بۆ خۆپیشاندەران کە تا ئەگەر کەسانێکی دڵسۆزو ڕاستگۆ لە ناویان هەبن ئەو پاساوەیان بە دەستەوە بێت کە بڵێن ئەوە حکومەت داخوازییەکانمانی جێبەجێ کردوون.. بەمشێوەیە تا ئێستا حکومەتی عێراق بەدەنگ داواکاری خۆپیشاندەران نەهاتووەو زۆر بەلاوازی تەماشایان دەکات، لەبەر ئەوە من وایدەبینم دامرکانەوەی خۆپیشاندانەکان دوورەو وابەئاسانی کۆتایی نایەت، ئەوەبوو لەهەفتەی رابردوو خۆپیشاندەران بەنیازبوون بەرەو بەغداد بەرێبکەون کە بەراستی گەر بێتو خۆپیشاندەران بەرەو بەغدا بەرێبکەون ئاکامێکی مەترسیداری دەبێت و رەنگە شەڕێکی توندی لێبکەوێتەوە..

**گەر بێتو خۆپیشاندەران بەرەو بەغدا بەرێبکەون ئاکامێکی مەترسیداری دەبێت و رەنگە شەڕێکی توندی لێبکەوێتەوە، چونکە لەبەرامبەریشدا شیعە دێت و وا بەئاسانی بەغداد تەسلیمی سوننەکان ناکات..**

*** سەبارەت بەمەسەلەی بودجەو ئەو هەوڵانەی کە لەناو پەرلەمانی عێراق بۆ کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم دەگیرێتەبەرو بەتایبەتی لەلایەن هاوپەیمانێتی نیشتمانییەوە چ هەڵوێستێکتان دەبێت؟**

- لەناو پەرلەمانی عێراق هێزە کوردستانییەکان لەململانێیەکی زۆر گەورەو توندداین کە خەڵکی زۆر کەم

**لەناو کۆمەڵگەی شیعەشدا ئەو دەنگە بە توندی بەرزەو وا دەبیستریتەوە کە شیعە بە بێ کورد تووشی زۆر چارەنووسی خراپ دەبێت، لەبەر ئەوە بە هەر شێوەیەک بووە نایانەوێت کورد لە دەستی خۆیان بدەن**

هەستی پێ دەکات، هەروەها کێشەو ناکۆکییەکانی ناو پەرلەمان لەسەر بڕگەو ماددەکانی بودجە، تەنیا لەسەر بەشە بودجەی کوردستان نییە بەڵکو سوننەکانیش داواکاری خۆیان هەیە، تا ئێستا دەوڵەتی یاسا کە سەرپەرشتی لیژنەی دارایی لەناو پەرلەمان دەکات زۆر بەلووتبەرزی و بێباکانە دەڕوانێتە خواست و ویستەکانی هەموولایەنەکان و وەڵامی نابەجێمان دەداتەوەو خۆیان بەخاوەنی ئەو پارەیە دەزانن کە لەعێراقدا هەیە لەکاتێکدا ئەو داهاتە پارەو سامانی هەموو عێراقییەکانە، هەربۆیە ناکۆکییەکانیان لەگەڵ هەردوو لیستی ئەلعێراقیەو هاوپەیمانێتی کوردستان و لایەنەکانی تر هەر بەردەوامی هەیەو نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێك، تەنانەت دەوڵەتی قانوون تا ئێستا هیچ نەرمییەکی پیشان نەداوە لەسەر ئەو کێشانەی لەبودجەدا ناکۆکییان لەسەرە، بۆ نموونە کاتێك ئێمە داوای لە ١٧٪ی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەکەین و دەڵێین ئەمە بەیاسایەك لەسەردەمی عەللاویدا دەرچووەو بەهیچ شێوەیەك ئێمە ئامادە نین تەنازول لەبەشە بودجەی هەرێم بکەین، وەکو دەستپێشخەرییەکیش نووسیومانە ئەگەر هاتوو لەسەرتاسەری عێراق سەرژمێرییەکی تەواویی دادپەروەرانە لەعێراق کرا و دەرکەوت رێژەی کورد لەسەرجەم دانیشتووانی عێراق لەوە کەمتر بوو ئەو کات ئامادەین بەپاڵپشتی لەسەر ئەو سەرژمێرییە گۆڕانکاری لەرێژەی کورد بکەین، جێی داخیشە ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئامادەیی خۆیان پیشان نادەن بۆ ئەم داواکاری و پێشنیارانە تەنانەت ئامادەنین سەرژمێریش ئەنجام بدەن، ئەمڕۆ ئەلعێراقیەش دەنگی خستۆتە پاڵ دەنگی ئێمەو داوای ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری دەکات بەڵام شیعەکان کە پێیان وایە کە رێژەی لە٦٤٪ی کۆی دانیشتووانی عێراق پێك دەهێنن ، کە لەراستیدا گەربێتوو سەرژمێری ئەنجام بدرێت ئەوا بەتەئکید ئەو رێژەیە پێکناهێنن بگرە نزیکەی لە ٤٨٪ پێك دەهێنن .. بەم شێوەیە دەوڵەتی قانوون نەئامادەیە سەرژمێریی گشتی عێراق ئەنجام بدرێت نە ئامادەیە گوێ لەپێشنیارو داواکارییەکانی هەردوو لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی و عێراقییە بگرێت. لەلایەکی ترەوە ٤ ترلیۆن و ٢٠٠ ملیار دیناری حکومەتی هەرێم قەرزارەو لەسەر بەغدا ماوەتەوەو نەیداوە کە مافی ئەو کۆمپانیا نەوتییانەیە کە لەهەرێمەکەدا کاردەکەن هەربۆیە داوامان کردووە لەبودجەکەدا ئەو بڕگەیە ئاماژەی پێبکرێت بەڵام ئەوان ئەمەش رەت دەکەنەوە هەربۆیە ئەوان نە نییەتی ئەوەیان هەیە قەرزەکانیان بدەنەوە، هاوکات ئەوانە خۆیان لەپێدانی ١٧٪ی بودجەی وەزارەتی بەرگریش بۆ پڕچەك کردن و ئامادەکردنی کەرەستەو تەقەمەنی وەزارەتی پێشمەرگەش لەهەرێمی کوردستان دزیوەتەوە. لەهەموو حاڵەتێکدا ئێمە زۆر مەبەستمانە لەو ململانێ و کێشمەکێشەی کە ئێستا لەناو پەرلەمانی عێراق لەسەر بودجە هەیە مافی هەرێمی کوردستان نەخورێت و یاساکە بەرێکوپێکی پەسەند بکرێت.





نزار جەنابی بۆ گوڵان:

# دەبێت کورد و سوننە هاوپەیمانی لەگەڵ شیعە میانڕۆکان بکەن بۆ ئەوەی عێراق لەو گەمە مەترسیدارەی مالیکی رزگار بکەن

**نزار جەنابی یەکێکە لەو تۆژەرە عێراقیانەی کە لەناوەند و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی عێراق کاردەکات و پێشتر تۆژەر بووە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك و لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقیش بەڕێوەبەری گشتی دابینکردنی پێداویستی سەربازی بووە لە وەزارەتی بەرگری عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و ئەو بارودۆخە نائاساییەی عێراق بەهۆی رەفتارەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانەوە رووبەڕووی بۆتەوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نزار جەنابی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی عێراق چۆن دەبینیت و خوێندنەوەت بۆ ئەو پەرەسەندنانەی چییە و ئایا مەترسی بۆ سەر ئایندەی وڵاتەکە هەیە؟**

- پێموایە حساباتی سیاسیی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران لەسەر حساباتی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی ئاییندە بنیاتنراوە، ئەو پێیوایە تاکو کۆمەڵگەی عێراقی زیاتر جەمسەرگیر بێت و تاوەکو زیاتر جەمسەرگیری لە نێوان لایەنەکانی عێراقدا دروست بێت، ئەوا-گریمانەی ئەوە دەکات- دەنگی زیاتر بەدەست دەهێنێت-ئیتر هەڵبژاردنەکان پێشوەخت بن یان ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێن-واتە —گریمانەی ئەوە دەکات-دوای هەڵبژاردن زۆرترین دەنگی شیعەکان کۆدەکاتەوە، بە چەشنێك دەتوانێت لە نێوان هاوبەشە شیعەکانیدا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نیشتیمانیدا مەرجەکانی حکومەتی داهاتووی خۆی بسەپێنێت- ئەو حکومەتەی کە هەوڵی پێکهێنانی بۆ دەدات-. هەرچۆنێك بێت، ئەو سیاسەتەی ئەو دەیگرێتەبەر بێ ئەندازە مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی دوو پێکهاتەکەی دیکە، کە ئەمە وڵاتێکە هاوبەشە لە نێوان سێ لایەنە سەرەکییەکەدا-کورد و شیعە و سوننە-، واتە ئەگەر دوو پێکهاتەی سەرەکیی وڵاتەکە دووربخەیتەوە، ئەوا وڵاتەکە بەسەلامەتی نامێنێتەوە، ئەو کاتە ئەگەرێکی گەورەی هەڵکشانی توندوتیژی دێتەئاراوە و عێراق دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧، بەڵام ئەمجارەیان بێ بوونی ئەمەریکییەکان دەبێت، کە جاری پێشوو لە دامرکاندنەوەی ئەم توندوتیژیانەدا هاوکاریان کرد و هێزە ئەمنیەکانیشمان توانای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیەکانیان نییە کە لەم ئاستەدا بێت. کەواتە ئەمە گەمەیەکی لە ڕادەبەدەر مەترسیدارە کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیران دەیکات.

*** ئایا هاوکێشەی سیاسی عێراق لەم بارودۆخە راستدەکرێتەوە؟**

- دەبێت سەرکردەکانی عێراق لەوە تێبگەن کە سەرەڕای ئەوەی سەرۆك وەزیران دەیکات و سەرەڕای هەڵمەتەکانی دژی کورد و دژی سوننە-، ئەوا پێویستە - کورد و سوننە- هەوڵی نزیکبوونەوە لە شیعە میانڕەوەکان بدەن لە باشووری وڵاتەکە و کار بکەن کە ئەو پڕوپاگەندەیەی لەلایەن حکومەتەوە

**حساباتی سیاسیی نوری مالیكی سەرۆك وەزیران لەسەر حساباتی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی ئاییندە بنیاتنراوە و ئەمەش گەمەیەكی لە ڕادەبەدەر مەترسیدارە كە نوری مالیكی سەرۆك وەزیران دەیكات**

**مەترسیدارترین شت ئەوەیە لە پەرلەماندا گوزارشت لە حوكمدانی خەڵك بكرێت و تێپەڕێنرێت و لەلایەن دادگایەكەوە هەڵبوەشێنرێتەوە كە وەلائی بۆ سەرۆك وەزیران هەبێت**

بڵاوەكرێتەوە كاریگەریی نەبێت لەسەر ڕای گشتی،- وەك ئەوەی ئێستا هەیە- چونكە ئێستا پەیامێك لە حكومەتەوە بڵاوەكرێتەوە كە سوننە دەیانەوێت بەعس بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات و كوردیش دەیانەوێت دەست بەسەر سەرچاوەكانماندا بگرن و سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، پێموایە دەبێت پەیامەكە لە كورد و سوننەوە بۆ شیعە و بۆ شیعە میانڕەوەكان و بۆ ڕای گشتی ڕابگەیەنن، كە ئێمە هەموومان لەم دۆخەدا هاوبەشین و ئەگەر پێكەوە كار نەكەین ئەوا ئەم وڵاتە دووچاری ڕێگایەكی تاریك دەبێت.

*** ئێستا پەرلەمانی عێراق خەریكە دووچاری ئیفلیجبوون دەبێت، لەم حاڵەتەدا كە پەرلەمان كاریگەری ئەوتۆی نییە، ئایا سیاسەتەكانی نوری مالیكی، عێراق بەرەو كوێ دەبات؟**

- من لەگەڵتاندا هاوڕانیم، لە هەفتەی ڕابردوودا پەرلەمان كارێكی زۆر بوێرانەی كرد لە دیاریكردنی خولی هەر سێ سەرۆكایەتییەكە، ئەوە بڕیارێكی زۆر بوێرانە بووە، ئەمە هەوڵێكی زۆری خایاند و توانیان سەركەوتوو بن. كەواتە پەرلەمان دەتوانێت ئەركەكانی خۆی ئەنجامبدات. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی مایەی مەترسییەكی زیاترە، پلانی مالیكی سەرۆك وەزیرانە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای دادگاو سیستمی دادوەرییەوە پەرلەمان لاواز بكات، ئەوا كارێكی زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی مەترسیدارترین شت ئەوەیە لە پەرلەماندا گوزارشت لە حوكمدانی خەڵك بكرێت و تێپەڕێنرێت و لەلایەن دادگایەكەوە هەڵبوەشێنرێتەوە كە وەلائی بۆ سەرۆك وەزیران هەبێت.

*** سەرەڕای ئەوەی كورد بەشێكی سەرەكین لە پرۆسەی سیاسی عێراق، ڕۆڵی ناوبژیوانیشیان بینیوە، بەڵام ئێستا كە دەستوور لەلایەن حكومەتەوە پێشێل دەكرێت، ئایا كورد چ ئەلتەرناتیفێكی دیكەیان هەیە و ئایا چ شەرعییەتێك بۆ حكومەتی عێراقی دەمێنێتەوە؟**

- ئەمە یەكێكە لە میكانیزمە سەرەكییەكان كە پێویستە عێراقیان لە ڕێگەیەوە كاربكەن، پێموایە بە گرتنبەری میكانیزمە دەستورییەكان ڕێگاگەلێك هەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكان، كاتێكیش دەستوور پێشێل دەكرێت، پێویستە هەوڵی چارەسەركردنی بدەین، كێشەكە لە خودی دەستووردا نییە، بەڵكو كێشەكە لەو خەڵكانەدایە كە دەستوورەكە جێبەجێ ناكەن. پێموایە دەوڵەتی یاسا لە پەرلەماندا هەوڵدەدات وێنەیەكی نەخوازراو لەبارەی كوردەوە لە باشووری وڵاتەكە بڵاوبكاتەوە، لەبەر ئەوە پێموایە گرنگە بۆ كورد و بۆ سەركردایەتییەكەی، كە لە ڕێی ڕاگەیاندن و گفتوگۆ و سەردانەوە و بە هەر شێوازێكی دیكە كە مومكینە بگەنە ڕای گشتی و بۆ ڕای گشتی ڕوون بكەنەوە- من خۆم خەڵكی دیوانیەم، خەڵكی باشوورم-هەردوولامان، كورد و شیعە پشكی ستەم و سەركوتكاری سەددامان بەركەوتووە و ماوینەتەوە و بەردەوامبووینە، ئەمە شتێكی هاوبەشە لە



نێوانماندا و مایەی یەكخستنیشمانە. لەبەر ئەوە ڕاست نییە كە هەردوولامان ڕێگە بە سیاسییەكان بدەین درز بخەنە نێوان خەڵك و پێكهاتەكانمانەوە. پێموایە پێویستە شیعە و كورد دۆخی خۆیان بۆ یەكتر ڕوونبكەنەوە و پەیوەندی لەگەڵ یەكتردا گرێبدەن و سەركردەكانی كۆمەڵگە و عەشایرەكان بانگهێشت بكەن بۆ كوردستان، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان ببینن كە كورد چیان بەدەستهێناوە لە ڕێی ئاسایش و ئاشتی و پەرەپێدانی ئابووری و پیشانیان بدەن كە هەولێر قەشەنگتر و قەشەنگتر دەبێت و پیشانیان بدەن كە چۆن شیعەش بە ڕێگای ئاشتییانە دەتوانن لەو گۆڕانكارییانەدا بژین كە ئەوانی تێدا دەژین. هەروەها كورد بۆ هەزاران ساڵ لە عێراقدا هەبوونە و پێكهاتەیەكی سەرەكیی عێراقیشن، كەواتە ئەمە قسەیەكی نادروست و ناڕەوایەو لە ڕووی سیاسیشەوە هەڵەیە كە قسەیەكی لەم شێوەیە بكەیت. كوردیش بەشێكی دانەبڕاون لە عێراق و بەو شێوەیە دەمێننەوە.

*** ئەوە ئاشكرایە كە عەرەبی سوننە خەریكی خۆپیشاندانن و حكومەتی عێراقیش وەك پێویست وەڵامیان ناداتەوە، ئایا لە حاڵەتی بەردەوامبوونی پشتگوێخستنی داواكاری خۆپیشاندەرەكاندا لەلایەن حكومەت و كوژرانی خەڵكانی مەدەنی بەدەستی هێزە ئەمنییەكان- هەروەك ئەمە ڕوویدا- مەترسی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و دەستێوەردانی دەرەكی دروست نابێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە مەترسییەكە ڕووبەڕووی عێراق بۆتەوە. من تەنیا یەك سەرنجم هەیە، ئەمە نابێتە بەهاری عەرەبی لە عێراقدا، بەڵكو دەبێتە بەهاری كورد و عەرەب لە عێراقدا، ئەگەر سەرۆك وەزیران و حكومەتی عێراق وەڵامی گونجاوی داواكارییەكانی خەڵك نەدەنەوە. ئەوە تەنیا عەرەب نین كە



نارازین لە حکومەت، ئەوا تەنیا سوننە نین کە نارازین لە حکومەت، بەڵکو شیعەش نارازین. ئەگەر بەرەو بابل و بەرەو باشوور بڕۆیت، نەبوونی خزمەتگوزاری و کارەبا و قوتابخانەی پێویست بەدی دەکەیت، واتە هیچ یەکێك لەو خزمەتگوزارییانە بەدی ناکەیت کە مرۆڤ پێویستی پێیانە، بە تایبەتی لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك عێراقدا. حکومەتی عێراق خزمەتگوزاری دابین ناکات. دەبێت سەرۆك وەزیران دان بەوەدا بنێت کە ئەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵە لە دەسەڵاتدایە و شکستی هێناوە لە پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی خەڵکی پێویستیان پێیەتی. ڕەنگە ئەوە بڵێت کە هاوبەشەکانم بواری کارکردنم پێنادەن و کورد و سوننە دژایەتیم دەکەن، بەڵام دەزانی چی، ئەوە حەوت ساڵە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و نەیتوانی —خزمەتگوزاری دابین بکات-، لەبەر ئەوە ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت کە دەستبەرداری دەسەڵات بێت و ڕێگا بۆ کەسێکی دیکە بکاتەوە کە بتوانێت خزمەتگوزاری دابین بکات.

*** هەندێ لە شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە قۆناغی گواستنەوەدا عێراق لە پرۆسەی دیموکراتیدا شکستی هێنا، ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ سەرناکێشێت بۆ هەرەسهێنانی وڵاتەکە؟**

- ئەوە مەترسیەکی زۆر ڕاستەقینەیە، بە زۆری لە قۆناغی گواستنەوە لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسی شەڕی ناوخۆ سەرهەڵدەدات. هەرچۆنێك بێت، بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژگارەکانی سەرەتای قۆناغی گواستنەوەدا، هاوکاربوو لە کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو مەترسییە. ئێستا کە ئەو هێزانە بوونیان نەماوە، ئەمە مایەی مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و ژیانی خەڵك دەبنە قوربانی، ئەوەش زۆر مەترسیدارە. ئەمە سەرەڕای ئاکامەکانی بارودۆخی سوریا، من لەگەڵ زۆرێك لەو هەڵوێستەدا نیم، کە سەرۆکی ئێران ئەحمەدی نەژاد گوزارشتی لێدەکات. بەڵام باس لەوە کراوە کە ڕایگەیاندووە ئەگەر عێراق بتەقێتەوە ئەوا هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ خۆیدا رادەماڵێت، ئەمە لێدوانێکی ڕاست و دروستە.

*** هەنگاوەکانی مالیکی دژ بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە، لەبەر ئەوەی پشتگیری مانەوەی ئەسەد لە سوریا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا بۆ ئەوە هاتە عێراقەوە تا حکومەتێك دروست بێت دژ بە بەرژەوەندیەکانی کاربکات؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئەمریکاوە هەبێت، ئەوا بە گۆڕانکارییەکی گەورەی سیاسەتەکەیدا تێپەڕی، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و تاکو ساڵی ٢٠٠٨، سیاسەتی ئەمریکا بریتی بووە لە تێوەگلانی کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچۆنێك بێت، ئێستا سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە- ئەوەندەی بکرێت- خۆی بەدووربگرێت لە تێوەگلان لە ناکۆکییە ناوخۆییەکان، واتە — ئەوەندەی دەکرێت-هەوڵدەدات خۆی لێ لابدات، ئەویش بەهۆی ئەو دۆخە ئابووریەوە کە وڵاتەکەی پێیدا تێدەپەڕێت. واتە تەرکیزیان زیاتر لەسەر ناوخۆییە، لەسەر ئابووریەکەیان، گەشەی ئابووری ناوخۆیان، نەك تێوەگلان لە کاروبارە ناوچەییەکان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەمە باجێکی زۆری دەوێت، هەم لەسەر ئاستی دارایی و هەم لەسەر لەدەستدانی ژیانی خەڵك. ئیدارەی ئێستا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە کۆتایی بە شەڕی عێراق دەهێنێت، بەڵام ئەم کۆتایی هێنانە کۆتایهێنانی بەرپرسیارانە نەبوو هەروەك ئەوەی بەڵێنیاندا.

**پێموایە دەوڵەتی یاسا لە پەرلەماندا هەوڵدەدات وێنەیەکی نەخوازراو لەبارەی کوردەوە لە باشووری وڵاتەکە بڵاوبکاتەوە**




## زیا شەکەرچی بۆ گوڵان:

# حزبی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە هەمیشە مەترسییە لەسەر دیموکراسی

**زیا شـەکەرچی لە چەندین کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لە سەلاحەدین و دەرەوەی عیراق بە ناوی حزبی دەعوە بەشداری کردووە و وانەی ئایینی و بیروباوەڕی ئیسلامیی لە پەیمانگەکانی ئەڵمانیا گوتۆتەوە، دوای گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بە ماوەیەك وردە وردە بیرو بۆچوونی خۆی لە ئیسلامی سیاسییەوە بەرە و عەلمانیەت گۆڕیوەو تا دواتر دەستی لە ڕێکخستنەکانی حزبی دەعوە کێشاوەتەوە، بەدەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئایین و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عەلمانییەت و لیبرالییەت نووسیوەو پێی وایە کەعەلمانیەت دژی ئایین و هیچ بیروباوەڕێك نییەو لە سایەی ئەوەوە پارێزراودەبێت،وێڕای چەندین بیرو هزری پێشکەوتنخوازی سەردەمیانەی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی وئابووری و سیاسییەکانی، لە دەرفەتێکدا گۆڤاری (گوڵان) ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا سازکرد سەبارەت بە مەترسییەکانیی ئیسلامی سیاسی و ئایینزاکان و تایەفەگەری و کاردانەوەی لەسەر ئایندەی عیراق و بواری دیکە وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە.**

*** ئێستا ئێوە دەبینن کە بارودۆخی سیاسیی عیراق بە جارێك ئاڵۆز بووەو کێشەو قەیرانی زۆر سەریهەڵداوە، بەڕای جەنابتان ئایا هیچ مەترسییەکی بەرپابوونی شەڕی سوننە-شیعە لە ئارادایە بە تایبەتیش کە ئێمە لە ناوچەی بەهاری عەرەبیداین و هەندێ هەڕەشە لەو بوارەدا خەریکە دەرکەوێت؟**

- ئەو بارودۆخەی کە ئێستا عیراق پێیدا تێدەپەڕێت، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی مەترسییەکی زۆر لە نێوان پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکاندا، بە تایبەتیش کە بیروبۆچوونی تایەفەگەری بەسەر هزری زۆرینەی سیاسەتوانەکاندا زاڵە،جەماوەریش لەمە بەدەر نییە، چونکە هەمیشە هاوسۆزدەبن لەگەڵ ئەو لایەنەی کە ئەم میتۆدە پەیڕەو دەکات، کە لە ڕاستیدا هەموو حزبە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کە لە پرۆسەکەدا بەشدارن بۆچوونی تایەفەگەریانەیان هەیە جا شیعەبن یان سوننە، پاکانەش بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ناکەم،ئەمەش لە ڕاستیدا کێشەیەکی گەورەیە لەم عیراقەدا،کە لە چەمکی دیموکراتییەتدا ئەم بۆچوونە ناکرێ بوونی هەبێت، چونکە ئەم سیستەمە بڕوای بە هاوولاتیبوون و دامەزراوەیی و دەوڵەتی مەدەنی هەیە، بۆیە بەڕای من تا ئەو کاتەی هەستی بە ئینتیمابوون بۆ تایفە لە هزری هاوولاتیاندا بمێنێت و حزب و لایەنەکانیش دەستیان لە پشت بدەن،ئەوا هەمیشە مەترسی لەسەر پرۆژەی دیموکراسی دروست دەکات. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئیسلامی سیاسی یان ئایینزایی (مەزهەبی) دوو ڕووی یەك دراون، لەبەرئەوەی تایفەگەرێتیی سیاسی بەرهەمی بەسیاسەتکردنی ئایینە، کاتێك کە پرۆسەی سیاسی لە ئایینەوە دەگلێت جارێك لەژێر ناونیشانی ئیسلامی سیاسی و جارێکی دیکەیش لەژێر ناونیشانی هەستی تایفەگەرێتی، بۆیە ئەم بابەتە زۆر هەستیارە چونکە پەیوەندیی بە مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە هەیە کە ئینتیمابوونە بۆ شیعە و سوننە کە ئەمە نەخۆشییەکی زۆر ترسناکە، ئەو هەست و سۆز و کاردانەوەیە پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە و نە لەڕووی پابەندبوونەوە پەیوەستە بە ئایین و نە لەڕووی بڕواوە، بەڵکو مەسەلەکە تەنیا ئەوەندەیە کە ئەو کەسە کە لەدایکبووە لە ژینگەیەکی شیعە یاخود سوننەدا پەروەردە بووە، هەر بۆیە ئەگەر ئایین مەسەلەیەکی تاکەکەسی بێت، وەکو ئەورووپا، ئەوە هیچ کێشەیەکمان نییە، ئەو کات ئایینناسییەکە دەبێت بە ئایینناسییەکی دواکەوتوو و ناعەقلانی کە هەست و سۆز بەسەریدا زاڵە و پەردەپۆشی کردووە، هەربۆیەش ئەگەرێکی بەهێز هەیە ئەوە تەشەنەبکات و بگات بە توندڕەوی و توندوتیژی لەدژی لایەنی بەرامبەر، کە جیاوازە لە ئەو، لەئاکامیشدا ببێت بە تیرۆر کە ئەمڕۆ سەرتاسەری جیهانی هەراسانکردووە،، کێشەکەش بریتییە لە نەبوونی دوو فاکتەری زۆر گرنگ لای سیاسەتوانەکان یەکەم: لایەنی مەعریفی چونکە زۆربەی سیاسەتوانەکان نیمچەنەخوێندەوارن، تەنانەت ئەوانەشیان کە ڕێژەیەك مەعریفەیان هەیە تائاستێکی سنووردارە، دووەم: لایەنی بەهاداری، ئەم لایەنە بەهیچ شێوەیەك بوونی نییە،هەر کەسێك بیەوێت لەژیانیدا ببێت بە سیاسەتوانێکی ژیر و سەرکەوتوو، ئەوا پێویستە بزانێت، سیاسەت درۆ و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن نییە بەڵکو سیاسەت پەیامێکی مرۆییە،چونکە ئەوەی لە خەمی کێشە و گرفتەکانی هاوولاتیاندایە، ئەو سیاسەتوانی ڕاستەقینەیە.

*** بە درێژایی مێژوو،حوکم لە عیراقدا هەر لەدەستی سوننەدا بووەو شیعەش لە بواری حوکمکردندا کەم ئەزموونە، بەدرێژایی ساڵانی رابردوودا هەمیشە بوونەتە قوربانی، بۆچی ئێستا ناتوانن دەرفەت بقۆزنەوە بۆ هەنگاونان بەرەو حکومڕانییەکی شیعی مەدەنی؟**

- هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە هەموو کات سوننە حوکمی ئەو وڵاتەیان کردووەو بە هەموو شێوەیەك شیعە رۆڵێکی ئەوتۆی لە حوکم و بڕیارداندا نەبووە، بۆیە کەم تا زۆر بوونەتە قوربانیی دەستی رژێمە دیکتاتۆرییەتەکان، بەڵام نەك لەبەر پێناسەکەیان وەکو شیعەبوون،بەڵکو لەبەرئەوەی کە نوێنەرایەتیی گەورەترین پێکهاتەی زۆرینە دەکەن لە کۆمەڵگەی عیراقیدا، هەر لەو ماوەیەی کە سوننە وەکو کەمینە باڵادەست بووە لە حوکمڕانیدا،رژێمە یەك لە دوای یەکەکان وەکو کەمینەیەك بۆ سەرکوتکردنی زۆرینەی شیعە بەکاریانهێناون، نموونەشمان بۆ ئەم بە کارهێنانەی کەمینە بۆ چەوساندنەوەی زۆرینە لەبەردەستدایە، لە سوریا کەمینەی عەلەوی بۆ سەرکوتکردنی زۆرینەی سوننە لەلایەن رژێمی ئەو وڵاتەوە بەکاردەهێنرێت،هەروەها لە ئێران بینیمان کە (شا) بەهائییەکانی بۆ سەرکوتکردنی شیعەی زۆرینە بەکارهێنا، لە ساڵی ٢٠٠٥و ئەوکاتەی کە من لە حزبی دەعوەدا بووم و (بمبوورن ئەگەر بڵێم من هێشتا لەنێو بازنەی دواکەوتوییدا بووم وەك کەسێکی ئیسلامی سیاسی)بە بەرپرسەکانم گوت: ئەو رێبازە سیاسییەی بۆ حوکمی وڵات پەیڕەوی دەکەن هەڵەیەو لێوانلێو پرۆژەیەکی شیعییە، چونکە سەردەمی تاکڕەوی نەماوەو دوای رووخانی رژێمی پێشوو،ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پرۆژەیەکی نیشتمانی و دیموکراتی بێتەئاراوە کە مافی هەموو پێکهاتەو بیروبۆچوونەجیاوازەکان دەستەبەربکات،بەڵام پاساوی ئەوان بۆ وەڵامی بیرۆکەکەی من ئەوەبوو: کە گوایە بە درێژایی ساڵانی رابردوو مەینەتییەکی زۆر و ئەزموونێکی سەختیان بینیوە و فەرامۆش و پشتگوێ خراون بەڵام لەراستیدا ئەوان لە چەمکی دیموکراتییەت نەگەیشتوون، کە لە ئەزموونی دیموکراتییدا زۆرینە فەرامۆش ناکرێت و لە کەشوهەوای دیموکراتیدا سەرکردایەتی لە پێکهاتەی زۆرینە هەڵدەبژێردرێت و نابێ ئەو زۆرینەیەش بکەوێتە ژێرباری ئینتیمابوون بە تایفەکەیەوە، بەڵکو پێویستە خۆی بۆ پرۆژەیەکی گشتگیری نیشتمانی و دیموکراسی و عێراقی تەرخان بکات، چونکە لەکۆتاییشدا هەر ئەو سەرکەوتوو دەبێت، گرنگیش نییە کێ سەرکردایەتیی پرۆسە سیاسییەکە دەکات، هەر کەس یان لایەنێك بێت، ئەوەش شتێکی ئاساییە،بەڕای من کاتێك کە پێکهاتەی زۆرینە کەسایەتییەك لە پێکهاتەیەکی کەمینە بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار یان سەرۆك وەزیران دەست نیشان دەکات، ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە زۆرینە فەرامۆشکراوە بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەسەر خواستی خۆی ئەو هەڵبژاردنەی کردووە،ئەگەر پرۆسەکە دیموکراتی بێت و ئەو زۆرینەیەی حوکمی بەدەستە،گرنگە بگاتە ئەو قەناعەتەی کە بەلایەوە ئاسایی بێت کەسایەتییەکی دیاریکراو لە گرووپێکی دیکە ببێت بەلێپرساوی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، تەنانەت ئەو کەسایەتییە هەرچی بێت بۆ نموونە عەرەب بێت یان کورد یان ئاشووری یانیش تورکمان، شیعە بێت یان سوننە یان کریستیان یان سابیئە، یاخود کەسێکی ئیماندار یان دوور لە ئایین، بەڕای من ئەمە کێشە نییە، ناکرێ لە روانگەی ناسنامە بچووکەکەیەوە سەیری ئەو کەسە بکرێت، بەڵکو پێموایە گرنگترین شت ئەوەیە ئەو کەسایەتییە راستگۆ و دەستپاك و پیشەیی بێت،هەروەها پێویستە خاوەن لێهاتوویی و بەرنامەی سیاسیی یان ئایدیۆلۆجییەتێکی کارا بێت، بەڵام ئێمە دوای رووخانی رژێم لەبری ئەوە، عێراقمان لەسەر بنەمای پێکهاتە و پشکداری دابەشکرد، هەموو سیاسەتوانەکان خۆیان ئەم واقعەیان دروستکردووە، کەچی کە قسە دەکەن و ئەوەی من دەڵێنەوە، ئەمەش نیشانەی دووفاقی و ناڕاستگۆییە، نموونەیەك لەمڕووەوە بە بەڵگەوە دێنمەوە، جارێکیان گوێم لە ئیبراهیم جەعفەری بوو، کە ئەو لە رەوتی چاکسازی نیشتمانییە و بە گوتەی خۆی دوورە لە تایفەگەرێتی، پرسیارێکیان ئاڕاستەی کرد لەبارەی مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە کوردەوە، گوتی: من لە برا کوردەکانم تێدەگەم، لەبەرئەوەی چۆن ئێمەی رۆڵەکانی پارێزگاکانی باشوور مەترسیمان هەیە لە پەرەسەندنی پێشهاتەکان هەیە، کوردیش وەکو ئێمە مەترسییان هەیە، گوتی «ئێمە»، مەبەستی لە شیعەیە، بە زمانی «ئێمە» قسەیکرد، ئەو دەبوو وەکو عێراقییەك قسەی بکردایە، نەك وەك پێکهاتەیەك، بۆیە پێویستە کەسی سیاسەتوان خۆی لەو بازنەیە ئازادبکات، لەبەرئەوەی تا هەستی بەشیعەبوون لە ناخیدا بمێنێت ئەوە هەرگیز خەمی هاووڵاتیان وەکو هاووڵاتی ناخوات و هەست بە کێشە و گرفتەکانیان ناکات،بەڵکو ئەولەوییەتی ئینتیمابوونی بۆ تایفەکەی لە هزردا دەمێنێتەوە، ئەوان دەڵێن برایانی سوننەمان و برایانی کوردمان، سیستانی-ش گوتی: مەڵێن برایانی سوننە بڵێن «ئێمە» کە ئەمەش موزایەدەیەکی سیاسییە، هەربۆیە تا بە زمانی «ئێمە» و «ئەوان» بئاخافن ئەوا هەرگیز بە کەڵکی ئەوە نایەن حکومڕانی وڵات بکەن.

***خوێندنەوەت بۆ پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ چییە،کە دەبینین کێشەکان لەگەڵ تورکیا لە ئارادان هەروەها ناڕوونیی هەڵوێستی عیراق لەگەڵ سوریا،گرژیی پەیوەندیەکان لەگەڵ سعودیەو کەنداو بە شێوەیەکی گشتی، ئاکامەکانی ئەم پەیوەندییانە چۆن دەبینیت؟**

- لە میانی رووداو و پێشهاتەکاندا دەرکەوتووە کە وڵاتانی دەوروبەر و ئیقلیمیی هەمیشە مامەڵەیان لەگەڵ عیراقدا لە ئاستی پێویستدا نەبووەو لە بەرامبەریشدا سیاسەتوانانی عیراق لە مامەڵەکردندا لە گەڵ ئەم رووداوانە لە روانگەی تایەفەگەریی یان نەتەوەیی رەفتاردەکەن،بۆ نموونە سیاسەتوانێکی سوننە، تەنیا لە حاڵەتێکی جیاواز یان دەگمەن و تاکدا نەبێت، رەخنە لە دەستێوەردانەکانی تورکیا یان عەرەبستانی سعودیە ناگرێت یاخود مەحکومی ناکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئێران لە لەڕووی سیاسەتەکانی لەهەمبەر عێراق، کە نەمانبیستووە هیچ سیاسەتوانێکی شیعە دەستێوەردانەکانی ئێران مەحکوم بکات،من پێموایە ئیسلامی سیاسی خەریکە بەتەواوەتی ناوچەکە دەگرێتەوە، من لە میانی بۆچوونەکانمدا ئامادەنیم موجامەلەی کەس بکەم و هەروەها پێویستە گوناهەکانم پاك بکەمەوە لەبەرئەوەی لە حزبێکی ئیسلامی سیاسی بوومە، من هەست بە ئازاری عێراقییەکان دەکەم کاتێ سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆنانیان بوونەی قوربانیی جەنگی عێراق و ئێران، بەڵام سەرچاوەی کێشەکە خودی سیاسەتوانەکانە ئەوانەی بەرپرسیارێتییان هەیە، دەبێ بتوانن متمانە و باوەڕی هاووڵاتیان وەدەستبێنن نەك کەشوهەوای تایفەگەرێتی بخوڵقێنن و بانگەشە بۆئەوە بکەن کە کەسانی تایفەگەر نین، بەڵام لەراستیدا قسەو کرداریان یەکنا گرنەوە.

**هەموو حزبە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کە لە پرۆسەکەدا بەشدارن بۆچوونی تایەفەگەریانەیان هەیە، پاکانەش بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ناکەم**

**ئەوانەی بەرپرسیارێتییان هەیە، دەبێ بتوانن متمانە و باوەڕی هاووڵاتیان وەدەستبێنن نەک کەش و هەوای تایفەگەرێتی بخوڵقێنن**

# دەوڵەت یا دیموکراسی دوالیزمێکی بێمانا

**باسکردنی دەوڵەت بەبێ لەدایکبوون هاووڵاتی نەبووە. لەفەلسەفەی سیاسییدا دەوڵەت لەبەرامبەر هاووڵاتیدا دەبێتە چەمک و بنەمایەک. هاتنەئارای دەوڵەت پرسی هاووڵاتیبوون و کۆمەڵگەی مەدەنی لەتەک خۆیدا هەڵدەگرێ. ئیدی لەدایکبوون هاووڵاتی تەریبە بەچەمکی دەوڵەت، چونکی رۆڵ و ئەرکی دەوڵەت لەرێی چییەتی چەمکی هاووڵاتیەوە دەستنیشاندەکرێ. لەبەرئەوە کێشەی ماف و هاووڵاتێتی و پاراستنیان، بنەمایەکی سیاسییە لەچەسپاندنی مافەکانی هاووڵاتی کۆمەڵگە.**



نەوزاد جەمال*
بۆ گوڵان نووسیویەتی

زۆربەی رەخنەو بۆچوونەکان لەبارەی پرسی «دەوڵەتی کوردستان» بەئاراستەیەکی ئیستهلاکی و نەگونجاودا دەروات. بابەتیی نەبوون وایکردووە هەندێک خودی پرسەکە رەتکەنەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێستە دەسەڵاتی لەحکومەتدا هەیە. گەندەڵیش هۆکارێکە ئەگەری دروستکردنی «دەوڵەتی باش» سەرنەگرێ. بەهانەیەکی دیکەیش ئەوەیە کە بانگەشەی دەوڵەت راست نییە، چونکی تەنها دروشمسازی و پروپاگەندەیە بەپێی بۆنەکان و رووداوەکان. جگەلەوەی دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکراسی بەبێ دیموکراسیخواز ناکرێ. ئەم گومان و رەخنانە تائەو شوێنە رەواوو گونجاون کە بەمەبەستی بیرکردنەوەو کارکردن بێ بۆ دەوڵەت، دەنا هیچ کەس بەتۆبز نەهێنراوەتە ژێر باری بیرکردنەوەو کارکردن بۆ دەوڵەت.

لەم سەروبەندەدا کاتێ باسی دەوڵەت و سەربەخۆیی دێتەئاراوە، کۆمەڵێک بەهانەو پاساو دەچنە شوێنی لۆجێکی بیرکردنەوە لە بابەتەکە. ئەگەرچی پێشتر ئەو پاساوانەم بەدرێژی شیکردۆتەوە کە جگەلە «میکانیزیمی خۆساردکردنەوە» هیچی دیکەی پێنییە. بەڵام دواهەمیین «داهێنان» لەپاساوسازیدا پرسیارێکی ریتۆریکی و مشتومڕخوازەیە: ئایا دیموکراسی پێش دەوڵەتە یا دەوڵەت ئینجا دیموکراسی؟ وەک ئەوەی مێژوو و رووداوەکان چاوەڕێی وەڵامی ئەو پرسیارانەبێ و لەجێی خۆی بوەستێ!

**کامیان: دیموکراسی یا دەوڵەت؟**

ئەگەرچی هەموو پرسیارێ شیاویی خۆی هەیە، بەڵام هەندێ بابەت ناکرێن بەپرسیار. لەبەرئەوەو بڕیارێکی پێشوەختە وەک پرسیاری لێکراوە. ئایا قەوارەی سیاسی بۆ کوردستان لەپێشترە لەباسکردنی دیموکراسی و مافەکان؟ ئەمە وەک ئەم پرسیارەیە: ئایا دەکرێ لەبیناسازیی کۆشکێکدا هەزار وەستاو ئەندازیارو بڕیاردەر هەبن؟ ئایا سەرۆکاری کۆشکەکە بکرێتە پرۆسەیەکی دەنگدان و بەدیموکراسی بکرێ؟ ئایا ئەم پرۆسەیە رای جیاواز هەڵدەگرێ؟

پێموایە وەڵامی ئەقڵی ساغ ئەمەیە؛ نەخێر. بەڵام بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە چ سیستمێ پاش دروستبوون هەبێ، ئەوە پرسێکی پاش پرۆسەکەیە. لەبەرئەوەش کە دیموکراسی خۆی پاش دەوڵەت و لە پێکهێنانی حکومەتدا دەبێتە پرسی وتووێژ. چونکی بەندە بەحوکمەوە، جەوهەری دەوڵەتکردن نییە، واتە سازکردن نییە وەک دامەزراوەیەک. ئیدی پرسی دیموکراسی وەک سیستمی حوکمڕانی بەندە بەپرۆسەی حکومەت و سیاسەتەوە، نەک خودی دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی فەرمی و خاوەن سیستمی سیاسی و سەروەرەی.

بۆیە ئێمە لەپرۆسەی بەدەوڵەتکردندا باسی دیموکراسی ناکەین، نەک لەبەرئەوەی دیموکراسی گرنگ نییەو ئامانجێک نییە لەژیانی سیاسییدا، بەڵکو لەسەرووەختی دامەزراندندا پێگەی دەوڵەت خۆی بیری لێدەکرێتەوە نەک حوکمڕانی و سیستمی بەڕێوەبردن. حوکمڕانی پرسیاری یەکەم نییە، چونکی پرسی دەوڵەت هێنانەبوونە، لەنەبوونەوە بۆ واقیع.

واتە پرسێکی ئۆنۆتۆلۆجیە. لەبەرئەوە پرسیاری: دیموکراسی یا دەوڵەت، بەجۆرێ سەیری رەوتی رووداووەکانی مێژوو دەکات وەک ئەوەی پێشهاتەکان هەمووی بەدەست ئێمەبێ و پێشتر ئێمە بێین لەسەر مێز بیبڕێنینەوە، ئەوجا چەرخی مێژوو بەجۆرە هەڵسوڕێ کەخۆمان میلەکەیمان خستۆتەسەر! من ئەم بۆچوونە بۆ مێژوو بە «رۆبۆتی مێژوو» ناودەبەم. چونکی پێی وایە مێژوو پرۆگرامکراوە و کۆنترۆڵەکەشی لەدوورەوە دراوەتەدەستمان!

جگەلەوەش ئەم پرسیارە (Typical) زۆر کوردانەیە کە لەدەرەوەی ئەو مرۆڤە بیردەکاتەوە کە مێژووی دەوڵەت تائێستا لەناخیدا نەخشاندوویەتی. ئەم دیدە کەڵەکەبوویەکی مێژووییە کە لە سەرکوتکردنی دامەزراوەی «دەوڵەت»دا بۆ ئێمەی کورد سەرهەڵدەدات. کوردێ کە هەمیشە لەهەمبەر بیرۆکەی دەوڵەتدا رۆڵێکی یاخیگەرو دژەدەوڵەتی هەبووە، زۆر بەئاسانی ناتوانێ لەچییەتی و گرنگی ئەو دامەزراوەیە بگات. ئیدی ئەزموونکردنی دەوڵەت لای کورد تەنها لەڕێی دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی تورکیاو ئێران و ئێراق و سوریا یا زلهێزە جیهانیەکانەوە بووە. بۆیە بیرۆکەی دەوڵەت هاوتای ترس و رەتکردنەوەیە. مرۆڤی ئێمە دەترسێ کەجارێکیتر کوتەکی خۆماڵی بهێنێتەئاراوە لەژێرناوی دەوڵەتدا.

بۆیە پرسیارەکە نەشیاوە، لەبەرئەوەی دەکرێ تەنها لەرووی تیۆرییەوە باسی لێوەکرێ، سەرباری ئەوەی لەوێشدا خۆی راناگرێ چونکی نەزۆکە. بەدەرلەوەش باسکردن لەدەوڵەت لە نەبوونەوە، جیایە لەچییەتی دەوڵەت و رەوایەتی پاش دروستبوونی. سەرەڕای تێکەڵاوکردنی چەمکی «حکومەت» و «دەوڵەت» و «سیستم»، وایکردووە قسەوباسی سیاسی لەوبارەوە ناڕوون و چەواشەکاری تێبکەوێ. دەوڵەت دامەزراوەیەکی فەرمییە کە بەشێوازێکی سیستماتیکی سیاسەت پیادەدەکات. حکومەتیش وەک پێکهاتەیەک ناتوانێ بەبێ سیستم کاروباری دەوڵەت بەڕێوەبەرێ. بۆیە حکومەت ئەو هێزە مرۆییەی دەوڵەتە کە بەفەرمی ماف و ئەرک و رەوایەتی بەکارهێنانی دەسەڵات و هێزی هەیە لەڕێی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان. کەواتە دەوڵەت پێشمەرجە بۆ حکومەت و فۆرمێکی پێشکەوتووی کۆمەڵگەی سیاسییە کە هۆشیاریی ئەقڵانی و سیستماتیک دەیهێنێتەبوون، هەر ئەو ئەقڵەش بیر لە ئاکام و ئەرکەکانی دەکاتەوە لەبەرامبەر هاووڵاتیان و کۆمەڵگە.

**دەوڵەت و ستەم**

کێشەکە ئەوەیە وابزانیین دروستبوونی دەوڵەت، لەدایکبوونی ستەمکارە. ستەمکار لە ئەنجامی نەبوونی کولتوری دیموکراسی و هۆشیاری ئازادیی و سەربەخۆیی مرۆڤەوەیە نەک دروستبوونی دەوڵەت خۆی. دەوڵەت بونیادی ستەم نییە، بەڵکو ستەم و دیکتاتۆرییەت رژێم و کولتورێکە کە دامەزراوەی دەوڵەت داگیردەکات. ئیدی هۆکاری ستەم خودی دەوڵەت نییە، بەڵکو نەبوونی کولتوری دیموکراسی و هزری دیموکراسیخوازە. جا ستەم وەک پێکهاتەیەکی کولتوریی، دەوڵەت هەبێ یا نا کاری خۆیدەکات. بۆنموونە لەکۆمەڵگەی خۆماندا ستەم و جۆرەکان لەفۆرمی پەیوەندی و کردەکۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، ئیتر بەندنییە بە دەوڵەتەوە بەڵکو رەنگدانەوەی هزرێکی گشتی لەکایەکانی کۆمەڵدا.

لەبەرئەوە نابێ ترس لە دەوڵەت بکرێتە هۆکار بۆ دروستنەکردنی. دیموکراسیی و دەسەڵاتی لیبراڵ بەندە بەهۆشیاریی خەڵک ئەگەر دەوڵەتیش نەبێ. سیستمی دیموکراسی بێ مرۆڤی دیموکرات نایەتەدی، ئەمە بەڵگەنەویستە. باسکردنی دەوڵەت بەبێ لەدایکبوون هاووڵاتی نەبووە. لەفەلسەفەی سیاسییدا دەوڵەت لەبەرامبەر هاووڵاتیدا دەبێتە چەمک و بنەمایەک. هاتنەئارای دەوڵەت پرسی هاووڵاتیبوون و کۆمەڵگەی مەدەنی لەتەک خۆیدا هەڵدەگرێ. ئیدی لەدایکبوون هاووڵاتی تەریبە بەچەمکی دەوڵەت، چونکی رۆڵ و ئەرکی دەوڵەت لەڕێی چییەتی چەمکی هاووڵاتیەوە دەستنیشاندەکرێ. لەبەرئەوە کێشەی ماف و هاووڵاتێتی و پاراستنیان، بنەمایەکی سیاسییە لەچەسپاندنی مافەکانی هاووڵاتی کۆمەڵگە.

بۆیە زۆر لەوترسە سەبارەت بەستەم و دەوڵەت ئەنجامی دۆخێکی سایکۆلۆجیی کەڵەکەبووی ئەزموونە مێژووییەکانە کەتائێستاش لەیادەوەرییدا وەک حەیزەران و کوتەک و باج و سەرانە ماوەتەوە. بۆیە ئەو لێکدانەوە دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکی نەگونجاو: ستەمکاری و نەبوونی دیموکراسی دەوڵەت، یا ستەمکاری و نادیموکراسی نارێکخراو بەبێ دەوڵەت؟ بەڵام ئەم پرسیارەش دەمانخاتە چوارچێوەیەکی نەخوازراوەوە.

**دیموکراسی سیستمی دژەکان**

ئەوانەشی دیموکراسی وەک پێشمەرجێ بۆ دەوڵەت دادەنێن، دەبێ لەراستی ئەو سیستمە تێبگەن. دەکرێ پێناسەی دیموکراسی وابکەین «سیستمێکی دژبەیەک و ناکۆکە. یەکایەتی بنەما نییە، بەڵکو ناکۆکی لەخۆیدا». لەدیموکراسیدا بەشێوەیەک هەوڵی بنەبڕکردنی ململانێ و جیاوازیەکان نادرێ، بەڵکو ئاڕاستەکردنی ئاشتی و گرەنتی مانەوەیان دەکرێ. چونکی ناتوانرێ جیاوازی و ناکۆکیەکان بسڕینەوە، مەگەر تەنها رژێمێکی ستەمکارو دیکتاتۆر نەبێ کە جگەلەوەی گیانی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە دروستدەکات. لەم بارەشدا دەسەڵات بەهێزی زەبروزەنگ خۆی دەسەپێنێ و دەچەسپێنێ، نەک رێگەی خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەوانە پێیان وایە تا دیموکراسی فۆرمی خۆی وەرنەگرێ، دەوڵەت زووە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ئێستە لە رێی دەوڵەتەوە بەرەو رەهایەتی دەسەڵات دەڕوات. ئەمە گومانێکی ناواقیعییە لەبەرئەوەی شتێک نییە لە کوردستان لەژێر رکێفی «یەک دەسەڵات»بێ بەمانای باوەکەی سەرتاسەریی و گشتگیربێ. ئەوەی کە هەیە، فرەکەناڵەکانی بەکارهێنانی هەندێ دەسەڵاتی ئامادەیە کە پێدراوی نەریت، ئایین، پێگەفەرمییەکان و بەرژەوەندییەکانن. واتە دەسەڵاتێکی ناوەکی و ناوکۆیی نییە کە لەسەروو بەرژەوەندی تاک و گروپ و حزبەکانەوە یا ئایین و نەریتەوەبێ. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی کە رامکراوە لەو کەناڵانەدا ئەرکی خۆی نابینێ. دەسەڵات هەر گوتار نییە، بەڵکو کردەوەو جێبەجێکردنە.

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

**کوردێ کە هەمیشە لەهەمبەر بیرۆکەی دەوڵەتدا رۆڵێکی یاخیگەرو دژەدەوڵەتی هەبووە، زۆر بەئاسانی ناتوانێ لەچییەتی و گرنگی ئەو دامەزراوەیە بگات. ئیدی ئەزموونکردنی دەوڵەت لای کورد تەنها لەڕێی دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی تورکیاو ئێران و ئێراق و سوریا یا زلهێزە جیهانیەکانەوە بووە**



## سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

# کارنامەمان پڕۆژەیەکی گەنجانەی سەربەخۆیە

هەروەك چۆن لاوان و قوتابییان لە هەر قۆناغێکی پێشکەوتندا بە توێژێکی گرنگ و ئەکتیڤی ناو کۆمەڵگە دادەنرێن و خاوەنی هەستێکی بەرزی نەتەوەیی و نیشتمانین و، لە قۆناغەکانی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیشدا هەبوونێکی کارامەو بەشدارییەکی راستەوخۆیان هەبووە، هەرواش لەقۆناغی ئەمڕۆی خەباتی مەدەنیانەدا رۆڵی گرنگتریان لەپەرەپێدان و گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو رێکخراوو پارتە سیاسیەکان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمە ئەو هەستە بەرز و وابەستەبوون و ئینتما و تواناجەستەیی و هزرە مەعریفیانەی لەلای گەنج بوونی هەیە تاو پێ بدەن و وەك سەرمایەیەکی مرۆیی و نیشتمانی پارێزگاریشی لێبکەن، پێویستە رێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان کەوا پاڵپشتی و پشتگیری خواستەکانی ئەو توێژە گرنگە دەکەن داکۆکی لەمافە رەواکانیان بکەن، گەنجانی ئەمڕۆ وێڕای ئەوەی خەون بەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە دەبینن و ڕەوتی ڕۆشنگەرانەی ئایندەشیان لەبەر چاوە کە زیاتر لەسەر هێڵێکی ڕاست نییە و ڕێچکەکانی خولاوەیی و ستوونین، هاوکاتی کەوتنە سەر ڕێی ڕەوتەکەش هەڵگری خواستێکی بەرزی نەتەوایەتین و بە ئومێدی خۆشگوزەرانی توێژەکەی خۆیان و سەرجەم چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگەشەوە لە کارو چالاکیدان، هەربۆیە غەدرێکی گەورەیان دەرهەق دەکرێت ئەگەر بێت و بخرێنە ناو گێژاوی لابەلاو ململانێی حزبی و دروشمگەلی بریقەداری وەهاوە کە گوزارشتی ڕاستەقینە لەبیروبۆچوون و خواستەکانیان نەکات و لە هەناوی خولیاو خەم و داهێنان و گرفتەکانی ئەوانەوە سەرچاوە نەگرێت..

لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆداو پێش زیاتر لە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر هەردوو رێکخراوی لاوان و قوتابیان لە یەك ئۆرگاندا لەلایەن ژەنەراڵ مستەفا بارزانی هاتە دامەزراندن و سەربەخۆیی کارو چالاکییان پێدرا، ئەوەش بەو ئامانجەوەی ئازادانە توێژی قوتابیان و لاوان بەشداری لەبزاڤی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بکەن و گەنجان بەجیاوازی ئایدیۆلۆژیاو ئایین و ئیتنییەوە لەدەوری رێکخراوەکە کۆبوونەوە..

ئومێد خۆشناو سکرتێری رێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە بارەی سەرەتاکانی ڕێکخراوەکەوە وتی:

((تەمەنی جیاکردنەوەو پاراستنی تایبەتمەندێتی لاوان بۆ ٦٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی بارزانی نەمر وەك ڕابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سیمبولی نەتەوایەتی کورد، لەسۆنگەی گرنگیدان و کاراکردنی ڕۆڵی لاوانەوە رێکخراوێکی بۆ قوتابیان

دامەزراند، ئەمە زهنیەت و بیرکردنەوەیەکی نوێ بوو بۆ جیاکردنەوەو سەربەخۆکردنی کاری ڕێکخراوەیی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان تاوەکو بەرگری لەمافی نەتەوایەتی کوردو خولیاو ئاواتەکانی توێژەکەی خۆیان بکەن و ئامانج و ئومێدەکانیان زیاتر لەژێر ئەو چەترەدا بهێنرێتە دی.))

بەم شێوەیە دامەزراندنی ئەو دوو ڕێکخراوە لەو سەردەمەدا بە گشتی توێژی گەنجانی لەدەور کۆنەدەبوونەوە گەر بهاتایە جیاوازی لەنێوان بیروڕاو ئایدیۆلۆژییەت و ئاینی تێدا بوایە، تەنانەت لە دەسپێکی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی بەرەگەز عەرەبی تێدابوو، لەمبارەیەوە پرسیارمان لە فاتح مەولەوی زادە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردوو بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە)) هەر لەدامەزرانی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە جیاوازی لەنێوان پێکهاتەو ئایین و بیروڕا جیاوازەکان نەکراوە، هەربۆیە لەسەرەتادا تەنانەت لە نەتەوەی عەرەبیش ئەنداممان هەبووە، یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەیەکێك لەپێداویستیەکانی ئەو قۆناغەو ئەم سەردەمەش دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی خواست و ویستەکانی قوتابیان، هەروەکو چۆن لە قۆناغە مێژووییەکانی بزاڤی رزگارخوازی کوردستاندا زەڕورەتێکی مێژوویی بووە، کاتێ لە ساڵی ١٩٥٣ ڕێکخراوەکە لەسەر پێشنیارو پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی دامەزراو قوتابیانی کوردستانی لەناو هەرێم و عێراقدا لێکنزیك کردەوە و لەژێر چەتری ڕێکخراوەکەدا هەموویانی کۆکردەوەو لەبزووتنەوەی رزگاریخوازیی و و شۆڕشی کوردستاندا ڕۆڵی زیاتری پێدان، بەدرێژایی ساڵانی خەبات قوتابیان لەناو ئەم ڕێکخراوەو لەبوارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دانەبڕاون و ئەکتیڤانە ڕۆڵی پێشمەرگایەتیشیان بینیوە.))

هەڵبەتە کاتێك پرسیارەکانمان ئاراستەی سکرتێرەکانی ئەو دوو ڕێکخراوەی قوتابیان و لاوان کرد تەنیا مەبەستمان هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی گەنجان و لاوان نییە کە چ ڕۆڵێکیان لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستاندا هەبووە، بەقەد ئەوەی یادوەرییە مێژووییەکانی خەباتیان پەندو وانەیەکە بۆ ئێستاو داهاتووشمان؛ سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەمبارەیەوە وتی: ((بە گەڕانەوە بۆ ئەو رابردووە پڕ لەسەروەرییەی لاوان کە هەگبەیەکە بۆ داهاتوویەکی گەش لەکۆمەڵگایەکی گەنجانەدا وا لە دەسەڵاتی سیاسی و ڕێکخراوە حکومیەکان دەکات ئاوڕێکی زیاتر لەگەنجان بدەنەوە، پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و قەرزی بچووك و تواناسازی و پێشینەی هاوسەرگیری و دامەزراندنەکان هەمووی لەو روانگەیەوە هاتووە، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ ئومێدێکی گەشتر.)) سکرتێری یەکێتی قوتابیانیش پێی وایە گواستنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕی بۆ خەباتی مەدەنیانە بەردەوامێتیەکە لەنێوان هەردوو قۆناغی شۆڕش و مەدەنیدا کە ئەرکی ڕێکخراوەکانی توێژی گەنجان قورستر دەکات.

بەمجۆرە گەنجی ئەمڕۆ کە زۆربەیان لەو تەمەنەدا نەبوون دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت بەشداری لەشۆڕشە ڕەواکانی چەکداری بکەن، بەڵام لەبونیاتنانی هەرێمێکی دوای جەنگ لە قۆناغی ئاوەدانکرنەوەی پاش ماڵوێرانی و کارەساتەکاندا ڕۆڵی جوامێرانەیان هەبووە، تەنانەت بارودۆخەکەی کوردستان ڕێگای نەدا ئاوات و خواستەکانیان بهێنرێتە دی، هەربۆیە پێش چەند ساڵێکیش لەمەوبەر ڕێگای هات و نەهاتی هەندەرانیان دەگرتەبەرو لە پێناوی دۆزینەوەی ژیانێکی خۆشگوزەراندا چارەنووسی مەترسیدار و غەریبایەتیان هەڵدەبژارد، بەڵام ئەمڕۆ خۆشبەختانە کۆچی بە کۆمەڵی لاوان نەماوەو بگرە زۆرجار کۆچی پێچەوانە بۆ کوردستان دەستی پێکردووە، لەگەڵ باشبوونی واقیع و ئاستی بژێوی ژیانیشدا خواست و ویستەکانی گەنجان زیادیکردووە، ئومێدخۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوانی کوردستان لەمبارەیەوە دەڵێت((پرسی گەنج لەم هەرێمەدا بوونی هەیەو لەگەڵ کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگاو شارستانیەتدا گۆڕانکاری بەسەر پرسەکاندا دێت و گرنگتر دەبێت، هەربۆیە بە وتەی بەڕێزیان ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە داکۆکی لە ئازادییەکان و خواست و ئومێدەکانی گەنجان بکەن، هەر لەدەرفەت ڕەخساندنی کارەوە تا بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانیان، ئەمەو لەم بارەیەوە بەڕێزیان وتی: ((گرنگیمان بە چەند تەوەرەیەك داوە لەوانە برەودان بەکارو چالاکی گەنجانەو دەوڵەمەندکردنی لایەنی مەعریفەو هۆشیارییان، بۆ ئەم مەبەستەش دابینکردنی پێداویستیەکانی گەنجانمان پشتگوێ نەخستووە بۆ نموونە لەسێکتەری نیشتەجێبووندا بەسوود وەرگرتن لەیاسای وەبەرهێنان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان یەکەمین ڕێکخراوی گەنجانە بووە لەناوچەکەدا کە دوو جار نزیکەی ١٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ گەنجان دروست کردووەو لەداهاتووشدا لەبەرنامەیدایە بە قیستێکی گونجاوتر بەردەوامی بەو بەرنامەیە بدات، لەبواری هاوسەرگیریشدا سەدان گەنجی ئەم وڵاتە توانییان سوود لەبەرنامەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ وەربگرن بە ڕادەیەك لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاکە هەرێم و وڵاتە کە توانیویەتی ئەو پرۆسەیە بەئەنجام بگەیەنێت، یەکێك لەو پرۆژانەی بە دەستپێشخەری یەکێتی قوتابیانی دیموکراتی کوردستان ئاراستەی حکومەت کرا مەسەلەی پێشینەی هاوسەرگیری بوو بۆ لاوان، بەخۆشحاڵییەوە ئێستا پڕۆژەکە چاکسازی تێدا کراوەو بڕی پێشینەکەش زیادکراوەو هەموو توێژێکی گەنجیش دەگرێتەوە، لەلایەکی

**دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان پێش ٦٠ ساڵ لەمەوبەر زهنیەت و بیرکردنەوەیەکی نوێ بوو، بۆ جیاکردنەوەو سەربەخۆکردنی کاری ڕێکخراوەیی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان**

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە ١٦٠ سەنتەری رۆشنبیری و ١٦٠ یاریگای وەرزشی و رادیۆیی و گۆڤاری پێشکەوتن و رۆژنامەی پرس و تەلەفزیۆنی لاوو وێب سایتەو تا ئێستا چەندین پرۆژەی لەبوارە جیاجیاکاندا پێشکەش بەحکومەت کردووە کە هەندێکی چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە**



## سكرتێری یەكێتی قوتابیانی كوردستان:

# ئامانجی سەرەكیمان جێبەجێ كردنی داواكاری قوتابیانە

ترەوە جگە لەوەی دامەزراندن بەشـــێوازێكی دادپەروەرانە لەحكومەت پەیڕەو دەكرێت، ئەویش داواكاری و ویســـتی ئێمە بووە، هاوكات تەنیا لەدەرگای حكومەتمان نەداوە بۆ دابینكردنـــی هەلی كار بەڵكو لەگەڵ ڕێكخراوی ئازادی لاوان پرۆژەیەكمان پێشكەش بەسەرۆكایەتی هەرێم كردوو كەمپینمـــان بۆ پێكهێناوەو بووەتە یاســـاو لە چوارچێوەی بەرنامەكانی حكومەت جێبەجێ دەكرێت، ئەویش پرۆژەی قەرزی بچووك بوو كە تا ئێستا ٣٠٠٠ لاو تێیدا سوودمەند بـــووە، لەلایەكی تـــرەوە ئەوانـــەی دانامەزرێن و قەرزی بچووكیش نایانگرێتەوە پێویستە بیمەی بێكارییان بدرێتێ، كە خۆشـــبەختانە ئەو گەنجانەی خوێندن تەواو دەكەن تا دادەمەزرێن ئەو بیمەیە دەیانگرێتەوە.

ئێمە وەكو یەكێتی قوتابیانی كوردستان گەیەنەری پرس و خواستەكانی گەنجان بووین. لەبواری پرۆسەی پەروەردەو خوێندنیشـــدا یەكێك لەخواســـتەكانمان ســـوود وەرگرتن بـــووە لەتوانا مرۆییەكان و پەرەپێدانیـــان بووە، بەرنامەی تواناسازیش كەیەكێك لەو خواســـتە گرنگانەی گەنجەو پێویستی پێیەتی بەخۆشـــحاڵییەوە گەنجێكی زۆر ئێستا لەو ڕێگەیەوە سوودمەندبوون و دەرئەنجامیش ئەو هەموو بڕوانامە بەرزە بەپســـپۆرایەتی جیاوازەوە دەگەڕێنەوەو لە ٥ ســـاڵی داهاتووشدا دەرهاویشـــتەیەكی باشی دەبێت و داواكارین بەرنامەكە فراوانتر و زیاتر بكرێت.))

ســـەبارەت بەگرفت و كێشـــەكانی پەروەردەو خوێندن كە بـــە یەكێك لەو خەم و داواكارییـــە بەردەوامانەی گەنجان دادەنرێت فاتح مەولەوی زادە سكرتێری یەكێتی قوتابیانی كوردســـتان وتی)) ئێمە ڕێز لەو هەوڵانە دەگرین كە بۆ خزمەتكردنـــی پەروەردەو خوێندن دەنرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كەموكورتی لەپرۆسەی پەروەردەو خوێندن لەم هەرێمە نەبێـــت، هەربۆیە پێویســـتە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەبێت بۆ داواكارییە ڕەواكانی توێژی قوتابیان . گرفتەكان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە ئومێدو خواستی قوتابیان زۆر بەخێرایی بەرزو زیاد دەبێت، ئەمەش مافێكی سروشـــتی ئەو توێژەیە و پێوەندی بەســـەردەمەكەو قۆناغەكەوە هەیە كـــە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، چونكە دەرئەنجام بەســـوودو قازانجـــی پێشـــكەوتن و گەشـــەپێدانی كوردســـتان و بەرزبوونـــەوەی لایەنی مەعریفی و توانای قوتابیان تەواو دەبێت. لەو ڕوانگەیەوە دەبێت پلانی ستراتیژی هەبێت كە واقیع و خزمەتگوزارییەكانی هـــەردوو كەرتی پەروەردەو خوێندنیش لەگەڵ ئەو پێشـــكەوتنانەدا بەرز بێتەوە، هەر ئەمەشە وایكردووە ئێمە ڕەخنەو یاداشتنامەو بەیاننامە بە بەردەوامی دەربچوێنیـــن، بۆ ئەوەی حكومەت و وەزارەتە پێوەندارەكانـــی پەروەردەو خوێندنی بـــاڵا زیاتر بەدەنگ داواكارییە ڕەواكانی قوتابیانەوە بن، تەنانەت پشـــتگیری

تەواویی خۆپیشاندانەکانی قوتابیان دەکەین کە بەئاشتیانەو دوور لەتوندوتیژی داواکارییەکانیان بەرز دەکەنەوە، گەرێتوو لایەنە پێوەندارەکانی پەروەردەو خوێندن بەدەنگ داواکاریی و خواستەکانی گەنج و قوتابیان نەیەن، ڕێکخراوەکەمان هەموو فشارو پاڵەپەستۆیەك بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم داواکارییەکانی قوتابیان دەگرێتەبەر..))

سەبارەت بەوەی تاچەند توانراوە هەردوو ڕێکخراوی لاوان و گەنجان دوور لەدەستێوەردانی حزبی کارو چالاکییەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و ببنە پێگەیەك بۆ دەنگی هەموو لاوان و پاڵپشتیکردنیان سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وتی: ((کارنامەی ئێستای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و تێڕوانینی ئێستای پارتی دیموکراتی کوردستان بەپرۆژەیەکی گەنجانەی پارتی دادەنرێت، ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و کارنامەکەی مینبەرێك نییە بۆ بەحزبیکردنی لاوان بەڵکو پرۆژەیەکی گەنجانەی سەربەخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەجیاوازی هەموو ئایدیۆلۆژیاو تێفکرین و بیرو بۆچوونەکانەوە، کێشەی گەنج لەکوێ هەبێت یەکێتی لاوان لەوێدا خۆی دەبینێتەوەو بەرگری لەمافە رەواکانی گەنج دەکات، گەنجان و یەکێتی لاوان یەك مینبەرن و هێزێکی گەیەنەرین و داکۆکی لەهەموو پرسەکانی گەنجان دەکەین. لەهەرێمێکدا کە باس لە پێشکەوتن بکەین پێویستە بەشداری گەنج فراوانتر بکرێت، ئێمە کارمان لەسەر مەسەلەی تەمەنی پەرلەمانتاری کردوو بەشداریکردنی پەرلەمانمان لە ٣٠ ساڵەوە بۆ ٢٥ ساڵ کەمکردەوەو لەئۆرگانەکانی تری حزبی و حوکمی فشارو پاڵەپەستۆمان بۆ بەشداری گەنج کردووە، ئێستا بەشی زۆریان بەشدارن و لەهەوڵی ئەوەداین هەلی زیاتریان پێبدرێت و ئومێدمان بەشداری زیاتری گەنجانە لەپرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیدا، بۆ ئەم مەبەستەش داوامان لەسەرۆکایەتی حکومەت کردووە بۆردێك لەنێوان ڕێکخراوەکانی لاوان و دەزگاکانی حکومەت هەبێت، ئێستا ئەو بۆردە دامەزراوەو پێی دەوترێت بۆردی راوێژکاری و شەراکەت و هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستان بەئایدیۆلۆژیاو نەتەوەو ئاینی جیاوازەوە بەشدارن تێیداو لەهەوڵی ئەوەداین بۆ ئەمساڵ بۆردی راوێژکاری و شەراکەت لەنێوان ڕێکخراوەکانی لاوان و دامودەزگاکانی حکومەت چالاکتر بکرێت.

لەکاری ڕێکخراوەیی و خزمەتکردنی گەنجانیشدا بڕوای تەواومان بەوە هەیە هەموومان پێکەوە تیمێکی بەهێزو فشار بین بۆ بەدیهێنانی هەموو خواست و ویستەکانی گەنج و ئێستا لیژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوەکانمان هەیە کە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن و پارتە فەرمانڕەواکانیش بەشدارن تێیدا، تەنیا ڕێکخراوی رایەڵەی بزووتنەوەی گۆڕان نەبێت بەشداری نەکردووە، لەم لیژنەیەشدا دوو پرسی هەرە گرنگمان لەبەرچاو گرتووە ئەویش(پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پرسی لاوان و گەنجانی ئەم هەرێمەیە)، لەم دوو پرسەشدا بەشداری فراوان و ئەکتیڤمان هەبووە هەوڵی ئەوەشمان داوە لە پێشکەشکردنی پرۆژەکان رەنگدانەوەی یەك بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیا نەبێت.

سەبارەت بەپێوەندی ڕێکخراوەیی قوتابیان و گردبوونەوەیان دوور لەئایدیۆلۆژیاو بیری تەسکی حزبایەتی و ململانێی سیاسییانەی نێوان حزبەکان، کە هۆکارێکە بۆ پتەوکردنی پێوەندی نێوان قوتابیان و ڕێکخراوەکان سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: یەکێتی قوتابیانی کوردستان توانیویێتی رۆڵی بەرچاو بگێڕن و زیاتر تەرکیز لەسەر خزمەتی قوتابیان بکەن، دروستکردنی فیدراسیۆنیش لەم روانگەیەوە هاتووە بەڵام ئێستا ئەو فیدراسیۆنە هەندێك لەپاشەکشەدایە هەربۆیە پێویستە زیاتر رۆڵ ببینێت و کاراتر بکرێت و لەئاست خواست و ویستەکانی قوتابیاندا بێت، ئەم پێوەندییە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵاتیش هەیە، تەنانەت ساڵی رابردوو توانرا ژمارەیەك لەقوتابیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی خوێندنیان بنێردرێت، یەکێتی قوتابیانیش بووە پارتنەر لە یەکێتی قوتابیانی ئەورووپادا، کە جگە لەرێکخراوی قوتابیانی ئیسرائیل تاکە ڕێکخراوە لەدەرەوەی وڵات ببێتە ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانییە، ئەمە جگە لەتوندوتۆڵکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ زانکۆکانی جیهان و کردنەوەی لق و نوێنەرایەتی لە چەندین وڵاتی ئەورووپایی و جیهان.))

سەبارەت بەتواناسازیش سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی:((هەر قوتابییەك لەتواناسازی وەربگیرێت هەوڵی ئەوەمان داوە بەپێی توانا لەکۆرسی زمان هاوکارییان بکەین، لەم ڕێڕەوەشدا چەندین پێشنیارو داواکاریمان کردووە بۆ نموونە لە زیادبوونی دەرماڵەدا کە خۆشبەختانە پەسەندکراو کاریشی پێکرا، زۆر لەداواکاری و یاداشتنامەکانی تریشمان کاری پێکراوە، بۆنموونە ئەمساڵ بەشێوەیەکی باشتر لەساڵی رابردوو گرفتی وەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆکان و پەیمانگاکانی کوردستان رووی لەچارەسەرکردن کردووە.))

لەکۆتاییدا بەڕێزی وتی: ((گەرچی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانە بەڵام لەکاری ڕێکخراوەییمان جیاوازیمان نەکردووە لەنێوان هیچ ئایدیۆرلۆژیاو نەتەوەو ئاینێك و بوونەتە پردێکی پێوەندی لەنێوان قوتابیان و دەسەڵات تەنانەت لەناو پەیڕەو پرۆگرامی ڕێکخراوەکەماندا هیچ پێوەرێکمان نییە کە ئێمە کۆپی پێستی حزبایەتی بین.))

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان تەئکید لەسەر ئەو یاداشتنامانە دەکاتەوە کە پێشکەشی لایەنی پێوەنداری کردووەو گوزارشت لە داواکاری و خواستی سەرجەم قوتابیانی کوردستان دەکاتەوە**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان یەکەمین ڕێکخراوی گەنجانە بووە لەناوچەکەدا کە دوو جار نزیکەی ١٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ گەنجان دروست کردووە**



# هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستی ئەسەدی بۆ کۆمەڵکوژی واڵا کردووە

بەپێی ئەو ئامارانەی ماوە ماوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە قوربانییەکانی سوریا و ئاوارەکانی سوریا بڵاوی دەکەنەوە، بەردەوام ژمارەکان لە هەڵکشاندان و ئێستا هیچ ئاسۆیەك دیارنییە ئاخۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕژێمی ئەسەد دەڕووخێنن یان ئەسەد خۆی ڕێکدەخاتەوە و بارودۆخەکە کۆنترۆڵ دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی چاودێران پێیانوایە کە رووخانی ئەسەد بۆتە کارێکی حەتمی و مەسەلەکە تەنها مەسەلەی کاتە، بەڵام هێشتا هیچ کەسێك ناتوانێت مەزندەی ئەوە بکات کە ئەم بارودۆخە خوێناوییەی سوریا تاکەی درێژە دەکێشێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کریستیان هیرپفەر ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئەبەردین لە بەریتانیا کرد، ئەو پێی ڕاگەیاندین کە نە ئۆپۆزسیۆن نە ڕژێمی ئەسەد ناتوانن ئەم بارودۆخە بەشێوازی سەربازی یەکلایی بکەنەوە، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (هیچ لایەك نە ئۆپۆزسیۆن نە ڕژێمی ئەسەد ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی لیبیا، ئەوا لەو وڵاتەدا دەستێوەردانی دەرەکی هەبوو، لە کاتێکدا ئەم دەستێوەردانە لە سوریادا بوونی نییە. هۆکاری دەستێوەرنەدانیش بریتییە لەوەی دوو دەوڵەتی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بریتین لە کۆماری چین و روسیای فیدراڵی، ڕێگە لە دەرکردنی هەر بڕیارێك دەگرن- لەم ئەنجومەنەوە-، لە کاتێکدا ئەم ڕێگریە لە حاڵەتی لیبیادا نەکرا، لە مەسەلەی لیبیادا، چین و روسیا رازی بوون بە دەستێوەردانێکی سنووردار و ئەمەش سەرەتای کۆتایی ڕژێمی لیبیا بوو. بەڵام لە ئێستادا ئەم دوو هێزە رازی نابن، و کێشەکە ئەوەیە زۆرێك لەو وڵاتانەی خوازیاری پشتیوانیکردن لە هێنانەئارای گۆڕانکاری لە سوریادان، دەسەڵاتیان نییە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، یاخود مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیان نییە بۆ ئەوەی دەستێوەردانێکی یاسایی بکەن لەو وڵاتەدا. دوای ئەزموونە خراپەکانی دەستێوەردان لە عێراقدا، کە پشتیوانی نێودەوڵەتی نەبوو، ئەوا زۆرێك- لەم وڵاتانە-دوودڵن لەوەی بێ پشتیوانی ڕەسمی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردان بکەن)).

**ئەوەی لە سوریا روودەدات کاریگەری دەبێت لەسەر ئیسرائیل و تورکیا و ئێران، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرێک لە هێزەکان لە پشت پەردەوە دەستێوەردان دەکەن**

کەواتە ئەمەی لە ئێستای سوریا روودەدات، جۆرە بێ باکیەکی ڕژێمی ئەسەد پیشاندەدات بەوەی دڵنیا بووە کە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە ناکرێت، بەڵام بەردەوامی شەڕی نێوان ڕژێم و چەکدارانیش خەریکە بڕست لە ڕژێمەکەی ئەسەد دەبڕێت، سەبارەت بەم لایەنەش پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جۆزیف ئۆلمەرت ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئەمریکا لەواشنتۆن کرد و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بارودۆخی ئێستای سوریای وەك شەڕی ئیستینزاف بۆ ڕژێمی سوریا وەسفکرد و لەمبارەوە وتی: (ئەوەی لە سوریا روودەدات بریتییە لە شەڕی ئیستینزاف، و ڕژێمەکەی ئەسەدیش لایەنی

**ڕژێمی ئەسەد دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکەدا نییە و بە شێوەی ناڕەسمی ناوچە کوردیەکان ئۆتۆنۆمیان هەیە ڕەنگە ئەمەش لە کۆتاییدا سەربکێشێت بۆ ئەوەی کوردەکان دۆخێکی هاوشێوەی کوردەکانی عێراقیان هەبێت**





کریستیان هیرپفەر بۆ گوڵان:

# زۆرێک لەو وڵاتانەی خوازیاری پشتیوانیکردنن لە هێنانەئارای گۆڕانکاری لە سوریادان، دەسەڵاتیان نییە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا

ڕەنگە ئەمە کاتێکی زیاتر بخایەنێت، واتە ڕەنگە چەند مانگێکی دیکەش ئەم بگرە و بەردەیە بەردەوام بێت، بەڵام چارەنووسی ڕژێمەکە حەتمیە)).

بەڵام ئاخۆ هەتا ڕژێمی ئەسەد دەڕووخێت تاچەند ئەم بارودۆخە گۆڕانکاری خراپتری بەسەردا دێت و کێشەکە دەگۆڕێت بۆ کێشەی نێوان عەلەوی و سوننە مەزهەبەکانی سوریا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر ئۆلمەرت لە درێژەی لێدوانەکەیدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: (بەدڵنیاییەوە ئەو مەترسییە هەیە و ئەمە پرسێکی تائیفییە لە ناو خودی سوریادا، فەتوایەکی بەناوبانگی ئیبن تەیمییە هەیەکە لە نێو سوننەکاندا حزوری هەبوو، داوای موقاتەعەکردنی عەلەویەکانی کرد. هەرگیز ڕژێمەکە شەرعیەتی نەبووە لە تێڕوانینی سوننەکاندا، ئێستاش ململانێکە بووە بەوەی یان هەموو شتێك یان هیچ. هەروەها ئەمە ململانێیەکی شیعی و سوننییە لەسەر بنەمایەکی ئیقلیمی، کە ئێران و عێراق و حزبوڵا پشتیوانی سوریا دەکەن، لە کاتێکدا سعودیە و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو سەرۆکایەتی دژە هێرشەکە دەکەن! ئەمە ئەو سیناریۆیەیە کە من پێشبینی دەکەم، زۆرم لەبارەیەوە نووسیوە. ئەبێت ئەگەری هەرەسهێنانی کۆتایی و یەکجاری دیمەشق وا لە عەلەویەکان بکات ترسیان لێبنیشێت)).

## گۆڕانکاریی سوریا و کاریگەرە ئیقلیمیەکان

کێشەی سوریا لەوە دەرچووە کە وەك کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتێك سەیر بکرێت، لەبەر ئەوەی دەرهاویشتەی ئەم کێشەیە هەموو دەوڵەتانی هاوسێی سوریا و ئیقلیمی گرتۆتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر کریستیان هێرپفەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد، هەموو کات سوریا لوبنانی وەك باخچەی پشتەوە سوریا سەیر کردووە، هەروەها بەردەوام سوریا و ئێران هاوپەیمان بوون، بۆیە ئەم مەسەلەیە ڕەهەندێکی ئیقلیمی وەرگرتووە و ئێستا مەزندە دەکرێت تورکیا ڕۆڵێکی کاریگەری تیا بگێڕێت و لەمبارەوە وتی:(هەمیشە سوریا لوبنانی وەك بەشێك لە باخچەی پشتەوە سەیر کردووە، ئەگەر لە بیرتان بێت، چەند ساڵێك پێش ئێستا بەرپرسێکی ئەمنی لوبنانی بە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو ئیغتیالکرا و باس لەوە کرا کە ئەم جەنەراڵە ئەمنییەی لوبنان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سوریا لە لوبنان تیرۆر کراوە، کەواتە هەمیشە لوبنان بە ناوچەی نفوزی سوریا سەیرکراوە. ئێستاش حزبوڵا هەیە کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئێراندا هەیە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە قۆرخکاری سوریا بۆ هەبوونی نفوز و دەسترۆیشتویی لە لوبناندا کەمبۆتەوە، بێگومان و زۆرێك لە وڵاتە ئەوروپی و ڕۆژئاواییەکان پشتیوانی تورکیا دەکەن بۆ ئەوەی دەسترۆیشتوییەکی بەهێزی هەبێت لە سوریادا، ئەویش لە پێناوی ئەوەی کۆتایی بە شەڕ و ناکۆکیە بهێنرێت، لە لایەکی دیکەوە ئێران ئەمە بە دەرفەتێك دەزانێت بۆ ئەوەی دەسترۆیشتوویی خۆی بەرفراوان بکات، چونکە ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات کاریگەری دەبێت لەسەر ئیسرائیل و تورکیا و ئێران. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرێك لە هێزەکان لە پشت پەردەوە دەستێوەردان دەکەن، بۆ نموونە قەتەر، کە ڕۆڵی هەبوو لە کێشەی لیبیادا، هەروەها ئێستا پشتیوانی موعارەزەی سوری دەکات، لەبەر ئەوەی ناکۆکی نێوان حکومەت و موعارەزە بۆتە ناکۆکیەکی ئیقلیمی، واتە زۆرێك لە هێزەکان حکومەت و موعارەزە وەك یاریزان بۆ گەمەکەی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەمە گەمەی سوریەکان نییە، بەڵکو گەمەی هێزە ئیقلیمیەکانە. بەڵام ئایا تورکیا




چۆن دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت؟ من پێموایە دەبێت تورکیا بە شێوەیەك ڕۆڵ ببینێت کە لەلایەك پشتیوانی ناتۆ بکات و لەلایەکی دیکەشەوە وا دەرنەکەوێت کە داردەستی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی لەدەستدانی پشتیوانی لە ناو تورکیا و لە ناوچەکەشدا. کەواتە هێزی ئیقلیمی گەورە هەن و دەبێت بە حەزەر بیت بەو شێوەیە لێتنەڕوانرێت کە زۆر پشت بە لایەنی دیکە دەبەستیت. بۆ نموونە بەم دواییە هێزە ئەڵمانییەکان هاتن بۆ دانانی موشەکی پاتریۆت، بەڵام خۆپیشاندانی گەورە لە تورکیا لە دژی ئەمە ئەنجامدرا، هەروەها ئەگەر سەیری

پەیوەندی میسر و تورکیا بکەیت، ئەوا تورکیا هەوڵدەدات ناوچەیەك دروست بكات لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستیدا كە ئیسلامی میانڕەو تێیدا باڵادەست بێت بۆ وەستاندنی بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەكەدا)).
ئەم سیناریۆیەی پرۆفیسۆر كریستیان ئاماژەی پێكرد لای پرۆفیسۆر ئۆلمەرت بەحەزەرەوە هەڵوەستەی لەسەر دەكات و پێیوایە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم پرسە كەمتەرخەم بووە و ئەمریكا و ناتۆش بەبێ رەزامەندی تورکیا هیچ كارێك ناكەن، لەمبارەوە و لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان وتی: (لەسەر پرسی سوریا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كاردانەوەیەكی



كەمی هەبووە، ئەمەش نیشانەی دوو رووییە و پێویستە كاری زیاتر بكرێت، سەبارەت بەتوركیاش بێگومان توركیا رۆڵێكی گرنگی دەبێت، ئەمریكا و ناتۆش بێ رەزامەندی دیاریكراوی توركیا هیچ شتێك ناكەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەردۆغان نیگەرانە لە دۆخی كوردەكان، و گرفتی هەیە لەگەڵ كەمینەی وڵاتەكەیدا. پێموایە، ئەمە هۆكاری ئەوەیە كە بە حەزەرە لە ئاست سوریادا، ئەمە سەرەڕای ئەو گوتارە توندەی بەرامبەر سوریا بەكاری دەهێنێت)).
لەم بارودۆخەی سوریادا كوردەكانی سوریا دەرفەتێكی باشیان بۆ هەڵكەوتووە بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەك بگەنە مافەكانیان، هەروەها ئەمریكا خوازیاری ئەوەیە كە لەتوركیاش كێشەی كورد بەشێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەر بكرێت و حكومەتی توركیاش لەگەڵ ئەوەی هەنگاوی بۆ ئەم پرسە هەڵگرتووە، بەڵام هێشتا هەنگاوەكان بەو ئاستە نین كە ئاكامی بەرچاوی لێ ببینرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا گۆڕانكاری لە رەوشی كوردەكانی سوریا وەك هەنگاوێك بۆ بەرەوپێشەوەچوونی دۆزی كورد دەخوێنرێتەوە، سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر كریستیان لە درێژەی قسەكانیدا وتی: (كێشەی كورد و كوردستان مێژوویەكی دوورودرێژی هەیە، كورد دەیان ساڵە خەون بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆوە دەبینێت، هەروەك چۆن پێشتر ئیسرائیلیەكان بۆ دەیان ساڵ خەونی دروستكردنی دەوڵەتیان هەبوو و ئێستا خاوەن دەوڵەتن، كوردەكانیش هەمان ئەو خەونەیان هەبووە و ئێستاش هەیانە، بەڵام هێشتا دەرفەتیان بۆ دروست نەبووە بۆ ئەوەی ببنە خاوەن دەوڵەت، هەروەك دەزانن دڵڕەقانە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی تیایدا دەژین سەركوتكران و ئەمەش تا ئێستا بەردەوامە. پێموایە كۆتایی هاتنی رژێمی سەددام لە عێراقدا بووە هۆی ئەوەی كوردەكان مافی ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنن، واتە بۆ یەكەمجار، دوای چەندین ساڵ لە مێژوودا توانیان ناوچەكانی خۆیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئەگەرچی لە چوارچێوەی عێراقیشدا مانەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوە بوو كە خەونی كوردەكان لەلایەن گروپە ئیتنییەكانی دیكەوە سەركوتنەكرا. كەواتە بە شێوەیەك لە شێوەكان، كوردستانی عێراق، بووە هەرێمێكی فیدراڵی لەچوارچێوەی عێراقدا، راستە لە عێراق جیانەبووەوە، بەڵام دەكرێت بڵێین ئەم هەرێمە دەبێتە كوردستانی ئازاد، ئێستا لە سوریادا دەرفەتێكی دیكەی هاوشێوە دروست بووە، ئێستا لە سوریادا دەسەڵاتی مەركەزی رژێمی ئەسەد، دەسەڵاتی بەسەر خاكەكەدا لەدەست دەدات. واتە رژێمی ئەسەد دەسەڵاتیان بەسەر بەشێكی زۆری خاكی وڵاتەكەدا نییە و بە شێوەی نارەسمی ناوچە كوردیەكان ئۆتۆنۆمیان هەیە رەنگە ئەمەش لە كۆتاییدا سەربكێشێت بۆ ئەوەی كوردەكان دۆخێكی هاوشێوەی كوردەكانی عێراقیان هەبێت، كە بونیادێكی فیدراڵی هەیە، واتە كوردەكان حكومڕانی ناوچەكانی خۆیان بكەن، رەنگە ئەمە ببێتەهۆی ئەوەی بیر لە دروستكردنی كۆنفیدراسیۆنێك بكرێتەوە لە نێوان كوردەكانی عێراق و سوریادا، بەڵام كێشەكە توركیایە، كە ئامادە نییە ئۆتۆنۆمی بە كوردەكانی وڵاتەكەیدا بدات، بەڵام هەروەك دەزانین پەرەسەندنەكانی ئەم دواییەی سوریا بووە هۆی بەرەوپێشچوونی بارودۆخی كوردەكانی ئەو وڵاتە و ئەكرێت ناوچە كوردیەكانی سوریا و عێراق جۆرێك لە كۆنفیدراسیۆن دروست بكەن. رەنگە ئەمە لە عێراقی نوێ و سوریای نوێدا روویدات، بەم دواییە لە سودان روویدا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێستا ناوچەگەلێك هەن كە كوردەكان ئەتوانن پێكەوەژیانی خۆیان رێكبخەن)).



پرۆفیسۆر ئۆلمەرت بۆ گوڵان:

**ئەبێت ئەگەری هەرەسهێنانی كۆتایی و یەكجاری دیمەشق وا لە عەلەویەكان بكات ترسیان لێبنیشێت**



**پرۆفیسۆر ئێف گریگۆری گەوس گەورە تۆژەری ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگزە و هەروەها لەلقی دۆحەی ئامۆژگای ناوبراویش تۆژەرە و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ناوخۆی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی دەوڵەتانی کەنداو، هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر ئاستی جیهان و بە یەکێك لە چاودێر و شرۆڤەوانە دیارەکان دەژمێردرێت لەسەر پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای سوریا و ئەگەرەکانی ئاینده، پرۆفیسۆر گەوس لەم وتووێژەی لەگەڵ گوڵاندا بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.**

*** ئەو شەڕو پێکدادانەی ئێستا لە سوریا درێژەی هەیە، تاکەی بەردەوام دەبێت و هاووڵاتیانی سڤیلیش دەبنە سووتەمەنی ئەم شەڕە؟**

- بە بۆچوونی من ئەم بارودۆخە بەپێی پێشهات و پەرەسەندنەکان زۆر درێژە دەکێشێت و رەنگە بۆ ماوەیەکی زۆریش بێت، چونکە ئەوە بۆ دووساڵ دەچێت ئەم شەڕە هەڵگیرساوەو رژێمیش تا ئێستا بەرگری لە خۆی دەکات و رۆژانەش خەڵك دەبنە قوربانی ستەم و کوشتنی ئەم رژێمە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە دەبینین بەهۆی بەرگری و کۆڵنەدانی شۆڕشگێڕان و جەماوەری خۆڕاگر، رۆژانە رژێمی ئەسەد ناوچەو پێگەیەکی زۆر لەدەست دەدات و تەنانەت ورەی سوپاکەشی تا رادەیەکی زۆر دارماوە، بەڵام جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە لەو بڕوایەدا نیم بەم زووانە بڕووخێت، یاخود دەست نیشانی کاتەکە بکەم کە رەنگە چەندین مانگ یان ساڵ بخایەنێت.

*** ئایا ئەو کەیسەی سوریا تا چەند بۆتە کێشەو ململانێی هەردوو ئایینزای سوننەو شیعە لە وڵاتی ئیسلامیدا؟**

- ئەگەر سەیری مێژووی ناوچەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە پێشتر شەڕ و ململانێیی تایەفەگەری هەبووە و نزیکترین نموونەش بۆ ئەمە، شەڕەکەی عێراقە، بۆیە ئەمە درێژەپێدەری ناکۆکییە تایەفەگەرییەکەی ناوچەکەیە، وێڕای رکابەریی نێوان عەرەبستانی سعودیەو ئێران، ئەو پاڵپشتییەی کە ئەو وڵاتانە هەریەکەیان لە لایەنێکی دیارکراو لە سوننە و شیعە دەیکەن، سەبارەت بە رەوشی سوریاش تێبینی ئەوە دەکرێت کە ململانێیەکە سەرەتا بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر رژێمەکەی ئەسەد دەستی پێکرد و دواتر پەرەی سەند تا لە چەند روویەکەوە چووە ناو بازنەی ناکۆکیی تایەفەگەرییەوە، ئەو گرژی و پشێویانەی لە ئاکامی پەیوەندیی و ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە لە ناوچەکە هاتوونەتە ئاراوە فاکتەرێکی هاندەرن بۆ ئەوەی بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو کێشەیەی ئێستای سوریاوە.

*** ئەگەر بارودۆخەکە بە شێوەیەك کەوتەوە کە دواجار بەشار ئەسەدو لایەنگرانی لە عەلەوییەکان روویان کردە ناوچە شاخاوییەکان و دەوڵەتێکی عەلەوییان راگەیاند و هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئەوانەی کە پشتگیرییان دەکەن لە (حەماس و حزبوڵڵای لوبنانی) بکەن، ئایا ئەمە دەبێتە سەرەتایەك بۆ رووخانی رژێمەکەی ئەسەد و هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی ناوچەکە بەگشتی؟**

- بە بۆچوونی من رەنگە لە ئاکامی پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم بارودۆخە ئەگەرێك سەرهەڵبدات کە سەرۆکی رژێم و دارودەستەکەی بۆ خۆڕزگارکردن لە تەوژمی بەرگریی بەردەوامی جەماوەری راپەڕیو پەنا بۆ شاخەکان بەرن، بەڵام بەهەرحاڵ ناتوانن (ئەگەر ئەمەش بکەن) تا ماوەیەکی زۆر خۆڕاگربن، من لەو باوەڕەدانیم کە ئەم پێشهاتە وەك لێکترازانێکی کۆتایی دەوڵەتی سوریا بکەوێتەوە واتا (لە نێوان سوننە کە نیشتەجێی رووبەرێکی زۆری سوریان و لە نێوان ئەو دەوڵەتە عەلەوییەی کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا دادەمەزرێت)، ئەو گرژی وناکۆکییانەی ئێستای نێوان شیعەو سوننە لە عێراق دەرئەنجامی رەنگدانەوەی ئەو کەیسەی سوریایە کە دواتر رەوشەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد، ئەوەی پەیوەندی بە ناوچە کوردییەکانەوە هەیە من لەو باوەڕەدام ئەوان حاڵەتێکی تایبەتییان هەیە، واچاکترە ئەوان خۆیان لە کۆنترۆڵی ناوەندی سوریا جیابکەنەوە واتا بچنەپاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە عێراق تاکو ژیانیان پارێزراوتر بێت و لە هەمان کاتیشدا لە ئەگەری هەوڵی عەلەوییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك لە ناوچە شاخاوییەکان بەهێزتر دەبن.

*** پەیوەست بەم لایەنە، تا چەند کوردی سوریا لەم هەلومەرجەی**

## گریگۆری گەوس

### گەورە توێژەری ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:

# لەوانەیە سەرەنجام ئەسەد دیمەشق بەجێبهێڵێت و لەناوچە شاخاوییەکان دەوڵەتێکی عەلەوی دابمەزرێنێت

**ئێستای وڵاتەکە سوودمەند دەبن، بە تایبەتیش دانان بە پێناسەیان وەکو میللەتێکی سەربەخۆ و دواتر وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە رەواکانیان؟**

- لێرەدا من پێموایە دوو رێگەچارە هەیە بۆ ساغکردنەوەی ئەم لایەنە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی سوریادا دان بنرێت بە ئۆتۆنۆمیی گەلی کورد، دووەمیشیان هەروەکو ئاماژەم پێکرد چاکتروایە ئەو ناوچە کوردییانە بچنە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام جێگەی داخە لەنێو خودی کوردیشدا لە سوریا ناتەبایی و ناکۆکی بەدی دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کۆدەنگییەکی یەکگرتوو لە نێو کۆمەڵگەی کوردیی سوریادا بوونی نییە کە دواتر بە زیانی ئاییندەیان دەشکێتەوە.

*** تورکیا وەك دەوڵەتێکی دراوسێی سوریاو نزیك لەم کێشەیە، چ رۆڵێکی کاریگەر لە پەرەسەندنەکانی رەوشی ئەو وڵاتەدا دەگێڕێت؟**

- دیارە تورکیا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە، چونکە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکە دەرگای سنوورەکانی بەڕووی گرووپە چەکدارەکان و پەنابەرانی سڤیلدا واڵا کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تورکیا دوودڵە لە هەر دەستتێوەردانێکی راستەوخۆی سەربازی لە سوریادا، دیارە دەوڵەتی تورکیاش لەڕووی توانای سەربازیشەوە لە دوای ئیسرائیل بە دووەم دەوڵەتی بەهێز دەژمێردرێت، بەڵام هەرگیز بیر لە ئەنجامدانی هیچ دەستتێوەردانێکی سەربازی ناکاتەوە ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەبادا درێژە بکێشێت و لە ئاکامدا زیان بە خەرجی و ئاییندەی ئەو وڵاتە بگەیەنێت.

*** ئەو هەموو کارەسات وماڵوێرانییەی لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەی سوریا هاتە ئاراوە، کەچی جیهان تا ئێستا لە بەرامبەریدا بێدەنگ و دەستەوەستانە و پێتوایە ئیدارەی تازەی ئۆباما سیاسەتێکی دیکە لەهەمبەر ئەم کەیسەدا دەگرێتەبەر؟**

- من لەو باوەڕەدانیم ئیدارەی ئۆباما سیاسەتێکی نوێ بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەو بکات، چونکە لە سەرەتادا بۆ مەسەلەی دەستتێوەردان دوودڵ و نیگەران بووە، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاریی لە هاوسەنگی شەڕەکەو پێشهاتەکاندا بێتە دی، رەنگە هەڵوێستەکەی بگۆڕێت، بەهەرحاڵ پێموانییە ئەم ئیدارە نوێیە ئارەزووی دەستتێوەردانی هەبێت، ئەوەی کە ئێستا لەو وڵاتەدا روودەدات کارەساتێکی ترسناکی مرۆییە، بەڵام مەرج نییە هەموو کارەساتێك دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی بەدوادا بێت، چونکە زۆر جار ئەم کارەساتە مرۆییانە هاوتەریب دەبن لەگەڵ بەرژەوەندیی ستراتیژیی کاراکتەرەکان کە دەبنە پاساو بۆ ئەنجامدانی ئەم دەستێوەردانە.


*** تێڕوانینتان بەرامبەر رۆڵی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێتانوایە پێگەی خۆی لەم ناوچەیە لەدەستداوە؟**

- من لەوباوەڕەدانیم کە ئەمریکا وەك وڵاتێکی بەهێز پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەستدابێت، بەڵام وەك جاران بەهێز نییە بە بەراورد لەگەڵ پێگەکەی دوای شەڕی سارد کە ئەوکاتە وەك تاکە وڵاتی زلهێز توانی بە زەبری هێزی سەربازی گورزی کوشندە لە رژێمی عێراق بدات، بەهەرحاڵ ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیی خۆی پێموانییە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجێ دێڵێت و دەستتێوەردان نەکات، ئەوەی گرنگە لێرەدا بیخەمەڕوو ئەوەیە کە لە ماوەی ١٥ ساڵدا واتا لە نێوان کۆتایی شەڕی سارد و نیشان و ئاماژەکانی شکستی شەڕی عیراق، هەموو هەوڵ و سیاسەتەکانی ئەمریکا بە ئاراستەی خۆبەهێزکردن و قەڵەمڕەویی زیاتر لە ناوچەکەدا کەوتە ژێرفشارێکی زۆرەوە، کە کاریگەریی بۆ سەر پێگەی سیاسی و سەربازیی ئەو دەوڵەتە دەبێت.

**ئەو گرژی و ناکۆکییانەی ئێستای نێوان شیعەو سوننە لە عێراق دەرئەنجامی رەنگدانەوەی ئەو کەیسەی سوریایە کە دواتر رەوشەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد**

**ئەوەی پێوەندی بە ناوچە کوردییەکانەوە هەیە من لەو باوەڕەدام ئەوان حاڵەتێکی تایبەتییان هەیە و واچاکترە ئەوان خۆیان لە کۆنترۆڵی ناوەندی سوریا جیابکەنەوە واتا بچنە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# سیاسەتوانان و نووسینی یادەوەریی



د. ئاراس عەبدولکەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سیاسەتوانەکان و لەنێویشیاندا کەسایەتییە دیارەکانیان بۆچی یادەوەرییەکانیان دەنووسنەوە؟ بۆ من خوێندنەوەی یادەوەریی هەر سیاسەتوانێک هەمیشە ئەم پرسیارەی لا ورووژاندووم. داخۆ مەبەستی تۆمارکردنی ئەزموونی سیاسیی خۆیەتی وەک ئەوەی هەبووە، یان تۆمارکردنی شتگەلێک کە لەدەرەوەی ئەو ئەزموونە مەبستێتی پێمانی بڵێت؟ داخۆ مەبەستی لەم نووسینە خودی خۆیەتی یان قسەکردن لەسەر کەسانی تر، ئیدی بەباش بێت یان بە خراپ؟ داخۆ مەبەستی لەم نووسینە مێژووە و بۆ مێژوویەتی یان تەنها بۆ خۆی و خودی خۆی و بەس؟ داخۆ نییەتی ئەم سیاسەتوانە وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکە کە هەست دەکات هەمیشە ئاڕاستەی ئەزموون و ڕۆڵی ئەم کراوە، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین: جۆرێک لە گرێی دەروونیی خۆیەتی و دەیەوێ بەم نووسینی یادەوەرییەی ئەو گرێیانە بکاتەوە؟ وەک ئەوەی پاککردنەوەی پەرێزی خۆی بێت لە هەر هەڵە یان بەهەڵە تێگەیشتنێک لە ئەزموونی سیاسیانەی خۆیدا و لەهەر قۆناغێکدا بێت؟ ئەم پرسەی دواییان هەمیشە پرسی سەرەکیی من بووە ئەگەر نەڵێم یەکێک بووە لە پرسە سەرەکییەکانم، لەبەر هیج نا، تەنها لەبەرئەوەی کە هەمیشە بەگومانەوە سیاسەتوان دەخوێنمەوە و گوێی بۆدەگرم، بەتایبەت لەو دەمەدا کە باسی خۆی بکات، یان باسی هەر بابەتێک کە پەیوەندیی بەخۆیەوە هەبێت. لەمەش تایبەتتر کاتێک ئەو باسکردنە بەباش یان خراپ کاریگەریی لەسەر ناو و سومعەی سیاسییانەی جێدەهێڵێت. ئەوەی کە سەرنجمی ڕاکێشابێت قسەکردنی سیاسییەکانە لەسەر ئەو بابەت و جومگە هەستیارانەی کە پەیوەندیی بە سومعەی سیاسییانەوە هەیە، نەک قسە نەکردنیان. ئێمە لەوە تێدەگەین کە سیاسەتوانێکی وەک (هینری کیسەنجەر) بۆچی لە سەرجەم یادەوەریی خۆیدا، کەم تا زۆر بەلای ئەوباسەدا ناچێت کە تایبەتە بە ڕێکەوتنی (جەزائیر)ەوە. چونکە ئێمە دەزانین ئەگەرچی ئەم پیاوە تا ئەوپەڕی بڕوای بە ئەو کارانەی خۆی بوویێت کە بەمەبەستی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی ئەنجامی داون، با لەونێوەندەدا چارەنووسی میللەتانی تریشی تێدا پێشێلکرابێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە باسنەکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر دەلالەت لە هەستی شوورەیی و حەیاچوونێکی گەورە دەکات لای ئەم پیاوە. وەک یەکێک لە هاوکارانی خۆی لەسەروەختی شکستهێنان بە شۆڕشی ئەیلوولدا کە لە کتێبی (لەپاش ئەو هەموو تاوانە، ئیدی لێبوردن لە چی؟)دا تۆمار کراوە، پێمان دەڵێ لەو کاتەدا بەتەنها ناوبردنی وشەی (کورد) لەنێو وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا بەس بوو بۆ دەرکردنت لەسەر کارەکەت، چونکە ناوهێنانی کورد ڕاستەوخۆ لای کیسنجەر بامانای جنێوپێدانی خۆی دەهات. لەهەموو بارێکدا قسەنەکردنی هەر سیاسەتوانێک لەنێو یادەوەرییەکانیدا لە هەر بابەتێک کە بزانێ خراپ لەسەری کەوتووە، ئەگەرچی جۆرێک لە ناڕاستگۆیی و ترسنۆکیش بێت، بەڵام ڕەنگە هێشتا لەچاوقایمیی ئەو سیاسەتوانانە ئەهوەنتر بێت کە بەر لەهەر کەس دەیانەوێ خۆیان قسەیەک لەمەڕ ئەو بابەتە بکەن، قسەیەک کە لەباشترین حاڵەتدا ڕەنگە بتوانێ قەناعەت بە خودی خۆی بهێنێت و بەس، چونکە لەهەموو باریکدا مەحکووم دەبێت بەباسکردنی ئەو بابەتە لە یەک دیوەوە، ئەویش تەنها ئەو دیوەیە کە قەناعەت و خواست و دنیابینیی خۆی لێیەوە ڕوانیویەتی و دیارە هەر ئەو تاک ڕەهەندییەی بینینیشی بووە کە بەئاگابوویێت یان نا هەڵەیەک

یان کارەساتێکی پێ خولْقاندووە.

لەم باسەدا نە مەبەستمە باس لە پرۆسەی نووسینی یادەوەریی سیاسەتوانان لەمێژوودا بکەم، نە باسکردنی شێواز و ئەو میتۆدەی گیراوەتە بەر و لەوەش زیاتر مەبەستم نییە هیچ ئاماژەیەک بۆ یادەوەریی هیچ سیاسەتوانێکی دەرەوەی خۆمان بکەم مەگەر تەنها وەک نموونە و بەراوردێک، دەنا مەبەستم بەخێرایی سەرنجدانێکە لەو پرۆسەی نووسینەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لای خۆمان بەناوی یادەوەریی سیاسییەوە لەلایەن چەند کەسایەتییەکەوە خراونەتە بەر دەست، کە دیارە هەیانە تا ڕاددەیەک دەچێتە خانەی یادەوەریی سیاسییەوە و هەیشە لە تۆمارکردنی چەند تێبینی و زانیارییەک زیاتر هیچیدی نییە. دیارە نووسینی یادەوەریی هەر کەسایەتییەک لەهەر بوارێکدا بێت، بەپێی سەنگی خۆی و ئامادەبوونی کاریگەرانەی لەو کایەیەدا کە تییدا چالاک بووە، بایەخ و گرنگیی تایبەتی دەبێت، بەڕاددەیەک کە زۆرجار توێژەران و مێژوونووس و ئەکادیمستەکان، زیاد لەهەر شتێک بۆ توێژینەوەکانیان پشتیان پێدەبەستن، ئەمە جگە لەو بایەخە سەرەکییەیان کە بۆ بەدۆکیومێنتکردنی مێژوو هەیانە.

بەگشتی ئەو ناوانەی لای ئێمە تا ئێستا یادەوەرییە سیاسییەکانیان تۆمارکردووە، ئەوانەن کە زۆرترین یان هەموو ئەزموونی سیاسییان لەنێو شۆڕشدا بەسەربردووە، بۆیە زۆربەی یادەوەرییەکان، یادەوەریی شۆڕشگێڕانەی ئەو کەسانەیە، نەوەک یادەوەریی سیاسییانە و ئەزموونی سیاسییان. لێرەوە ڕاستەوخۆ بەر پرسیارێک دەکەوین کە ئایا دەکرێ خودی ئەو یادەوەرییانە وەک یادەوەریی سیاسی ناوببەین؟ بەڵێ بە دڵنیاییەوە، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو بۆچوونە ڕەتنەکەینەوە کە شۆڕشی چەکداریش سیاسەتکردنە. بۆچوونێک کە ڕەنگە برێکی کەم نەبن لەو ڕۆشنبیرانەی ئەمڕۆمان کە ڕەتی دەکەنەوە و من بەش بە حاڵی خۆم ئەو بۆچوونەم قبووڵە.

دێینەوە سەر پرسە سەرەکییەکەی کە لەسەرەتاوە ورووژاندمان و پەیوەستە بە مەبەستی نووسین و ئەو نییەتەی لەپشت نووسینەوەی یادەوەرییەکانی ئەم سیاسەتوانانەی خۆمانەوە ئامادەیە. بە بڕوای من، کەم بگرە بەدەگمەن ئەو هەستەمان لادروست دەبێت کە لەپشت نووسینەوەی ئەو یادەوەرییانەوە نییەتی بەریئانە هەبێت (لای من تەنها دوو ئەزموونیان هەیە کە بکرێ بەتەواویی دڵنیابین لەوەی جگە لە مەبەستە دروستەکەی مێژوو خۆی هیچ مەبەستێکی تریان لەپشتەوە نەبێت)، خۆئەگەر کەسێک بڵێت ئایا مەبەستی ئەوانیش بەزیندوویی هێشتنەوەی ناوی خۆیان نییە و ئایا ئەمە مەبەستێکی شەخسی نییە؟ وێڕای ئەوەی کە ئەوە مافی ئەوانەیە ناویان بەزیندوویی بمێنێتەوە، بەڵام هیچ گەرەنتییەکیش نییە ئەو مانەوەیە مانەوەیەکە بە جوانیی یان بە ناشیرینی. ئایا یادەوەرییەکەی هێتلەر وادەکات ئامادەبوونی ئێستای لەمێژوودا ئامادەبوونێکی جوان بێت؟ بۆ دوورنەکەوتنەوە لەمەبەستی ئەم نووسینە، دەبێ بگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵی هاوبەشەی کە هەست دەکەم نییەتە نا مێژووییەکەی یادەوەریی سیاسەتوانانی خۆمانی کۆکردۆتەوە، کە ئەویش شاردنەوەی دیوە ناشیرینەکەی ئەزموونی خۆیانە لەهەر قۆناغێکدا بووبێت. دیارە ئاشکراترین قۆناغیش قۆناغی (شەڕە ناوخۆییەکان)ە یان ئەوەی پێی دەڵێن (شەڕی براکان). بڕوا ناکەم خوێندنەوەی هەموو ئەو یادەوەرییانەی کە خاوەنەکانیان ئامادەی ئەو قۆناغی بوون و تەنانەت ڕۆڵی کاریگەر و بڕیاردەریشیان تێدا بینیوە، هیچ یارمەتییەکمان بدات بۆ تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستی ئەو ڕووداوانە. لەبەر هۆیەکی سادە و سەرەکی ئەویش ئەوەیە کە ئەم سیاسەتوانە بەهەمان ئەو هزر و قەناعەتەی کە لەو سەردەمەدا شەڕی براکەی پێکردووە، لەئێستادا دەنووسێت و هۆکار و نییەت و ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەو کاتەمان بەوشێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە کەئەو کاتە چاو و عەقڵی ئەم بینیویەتی و تێیگەیشتووە، نەک بەوشێوەیەی کەئێستا و لەمڕۆدا هەڵیبسەنگێنێ. هەر ئەمەشە وایکردووە هەرکام لەو ناوانەی لەهەر ڕووداوێکی نەخوازراو یان ناشیریندا ناویان هاتبێت، گەر بەلای ئەو باسەدا چووبێت، یان دەمودەست بێئاگایی خۆیمان بۆ باس دەکات و دەیەوێ قەناعەتمان پێبکات کە ئەو بێئاگابووە لەو ڕووداوە، یاخود ئەو هەڵوێستەی خۆی بەشێوازێک باسدەکات وەک ئەوەی ناچارکرابێت و ئەنجامدانی ئەو کارە ناشیرینەی لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی بووبێت، سەیرتر لەوەش هەیانە دەخوازێ ئەو بڕوایەمان لادروستبکات کە ئەوکارە ناشیرینەی ئەم لەبەرژەوەندیی شۆڕش بووە لەو کاتەدا! کارێک کە چەند پلەیەک کردە نامۆراڵییەکەی کیسنجەر باڵاتر دەکات بەسەریەوە، چونکە هیچ نەبێ کیسنجەر هەستی بەو شوورەییە کردووە لە ئەزموونی سیاسیی خۆیدا و بێدەنگیی هەڵبژاردووە بەرامبەر بەو کردە نامۆراڵییەی. بەڵام چاوقایمیی سیاسەتوانی نامۆراڵیی بەتەواویی تووشی شۆکمان دەکات کاتێک بەهەر بیانوویەک بێت کارێکی نامۆراڵییانەی خۆیمان بە ڕەفتارێکی مۆراڵی و مرۆڤانە پێدەفرۆشێت.

شەڕی ناوخۆی حزبە کوردستانییەکان، دەشێ لە یادەوەریی هەر سیاسەتوانێکی بەشداربووی ئەو ڕووداوەدا، فراوانترین بەش لە یادەوەرییەکەی قۆرخ بکات، بەڵام ئەوانەی تا ئێستا گوایە یادەوەریی خۆیان نووسیوەتەوە، بەدەگمەن هەیانبێت، دەنا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان نەخستۆتە بەردەستی مێژوو، بەپێچەوانەوە زۆرجار هەوڵی شێواندنی مێژوویان داوە، لەبەرهیچ نا تەنها لەبەر شاردنەوە یان بەخاوێن ڕاگرتنی پەرێزی خۆیان دەرهەق بە هەڵەیەک یان هەر ناشیرینییەک کە لە ئەزموونی سیاسیی خۆیاندا ئەنجامیان داوە. ئەمە لەکاتێکدا زۆر هەڵە هەیە کە نە تاوانە و نە خیانەت، بەڵام دەرئەنجامێک کە من لە میانەی یادەوەریی ئەوم سیاسەتوانانەی خۆمانەوە پێیگەیشتبم، ئەوەیە کە ئەم سیاسەتوانانەی ئێمە هەمیشە لە وەهمێکی گەورەدان، وەهمی بە فریشتەبوون و فریادڕەسییان، وەهمێک کە هەمیشە دەیانەوێ بیکەنە قەناعەتێک لای ئێمەش. قەناعەتێک کە راستوچەپێکی گەورە بەسەر ئەو کاراکتەرە سیاسییانەدا دێنێ، نەک هەر لەبەرئەوەی سیاسەتوان ناکرێ فریشتەبێت و بەس، بەڵکو هەرخودی مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت ناکرێ فریشتە بێت، ئەمە بەو مانایە نایەت کە فریشتە نەبوون بەمانای بە شیتانبوون بێت، بەڵام پێدەچێ ئەم سیاسەتوانانەمان کە یادەوەرییەکانیانمان بۆ ئەنووسنەوە، نەتوانن بستێک بچنە دەرەوەی ئەم دوالیزمی ڕەش و سپییە. لەهەموو بارێکدا ئەوەی پێشکەشیانکردووین هەرچییەک بێت یادەوەریی سیاسەتوانێک نییە کە بەر لەمێژوو، بەر لەئێمە، لەگەڵ خۆی و ئەزموونی خۆیدا ڕاستگۆ بووبێت، هەڵبەتە ئەم بۆچوونەم ئەو ناوانەیان ناگرێتەوە کە لەگەل خوێندنەوی یادەوریەکانیاندا دەزانین و دڵنیاین کە ڕاستگۆیانە دەدوێ و ئازایانە خۆی ڕووت و قووت دەکاتەوە.

**بەگشتی ئەو ناوانەی لای ئێمە تا ئێستا یادەوەرییە سیاسییەکانیان تۆمارکردووە، ئەوانەن کە زۆرترین یان هەموو ئەزموونی سیاسییان لەنێو شۆڕشدا بەسەربردووە، بۆیە زۆربەی یادەوەرییەکان، یادەوەریی شۆڕشگێڕانەی ئەو کەسانەیە، نەوەک یادەوەریی سیاسییانە و ئەزموونی سیاسییان**